تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5864) سێ شەممە 5ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە شاندی ناوەندی دیالۆگی ڕافیدەین کرد

سەرۆک بارزانی: خەڵک مافی خۆپەتی داوای ژیانێکی ئاسوودە و سەربەرزانە بکات

لە ئەنجامی پشتگوێخستنی دەستوور و هەوڵدان بۆ تاکڕەوی و خۆسەپاندن، عێراق گەیشتۆتە ئەو دۆخە



دوێنێ دووشەمە 4ی11ی2019 سەرۆک مەسعود بارزانی لە سەلاحەدین لەگەڵ شاندێکی ناوەندی دیالۆگی ڕافیدەین کە لە لە ژمارەیەک کەسایەتی و نوخبەی ئەکادیمی و فەرهەنگیی عێراقی پێکهاتووە، کۆبۆوە.
لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە مەبەستی ڕاگۆڕینەوە لەبارەی خۆپێشاندانەکانی هاوولاتیان و دۆخی سیاسیی عێراق و ئایندەی پرۆسەی سیاسی سازدرابوو، سەرەتا شاندی میوان وێڕای دەربڕینی سوپاس بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی ئەو دیدارە، ڕا و سەرنجی خۆیان لەبارەی دۆخەکە خستەڕوو و پلانی ناوەندی دیالۆگی ڕافیدەینیان بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی ئێستا و خستنەڕووی پێشنیارەکانیان بۆ هەنگاوی پێویستی چارەسەری، بۆ سەرۆک بارزانی شی کردەوە و دواتریش داوایان لە سەرۆک بارزانی کرد بەرچاوڕوونیی پێویستیان بداتێ. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکی کۆبووەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمەریکا دەڕوانێت و سوپاس و پێزانیی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەمەریکا دووپات کردەوە کە هەمیشە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان کردووە و بەتایبەتی لە شەڕی دژی تیرۆردا هاوکاریی هەرێمی کوردستان و عێراقی کرد و ڕۆڵی گەورەی لە تێکشاندنی داعشدا بینی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەنجومەنی بازرگانی عێراقی بەریتانی دەکات

بارۆنس نیکلسن: حکوومەتی بەریتانیا ئامادەیە هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی کارنامەکەی لە بواری هەمەجۆرکردنی ئابووری

مەسرور بارزانی: ئامانجێکی لە پێشینەی کابینەی نۆیەم ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەرەوە بکاتە بەرهەمهێنەر

دوێنێ دووشەمە 2019/11/4 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەنجومەنی بازرگانی عێراقی – بەریتانی کرد بە سەرۆکایەتی بارۆنس ئیما نیکلسن نوێنەری سەرۆک وەزیرانی بە ریتانیا بۆ کاروباری بازرگانی لەگەڵ عێراق.
لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی گەشەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان بەریتانیا و هەرێمی کوردستان و عێراق کرا.
بارۆنس نیکلسن ئاماژەی بەوەدا کە حکوومەتی بەریتانیا ئامادەیە هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی کارنامەکەی لە بواری هەمەجۆرکردنی ئابووری و پشت نەبەستن بە یەک سەرچاوەی داهات.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە ئامانجێکی لە پێشینەی کابینەی نۆیەم ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەرەوە بکاتە بەرهەمهێنەر لە ڕێگەی پێشخستنی توانا کان و دۆزینەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی ناوخۆ.

مەسرور بارزانی: ئەگەر سێ پارێزگا لەسەر بەندێکی دەستوور ڕازی نەبن ئەوا تێناپەڕێت

دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەی دوێنێی نێوان سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی و شاندەکەی کۆنگرێسی ئەمەریکی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا هەردوولا تیشکیان خستەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە و جەختیان لەسەر هەماهەنگی و پشتیوانییەکان کردەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەغدا.. باڵەخانەی چێشتخانەیەک بووە بە هێمای شۆڕشی خۆپیشاندەران



باڵەخانەی چێشتخانەیەک کە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەغدا لە 2003ەوە بەهۆی بۆردومانێکی هێزەکانی ئەمەریکاوە چۆڵکراوە و لە ئێستادا تەنها باڵەخانەیەک نییە، بەڵکو بووەتە هێمایەکی دیاری شۆڕشی عێراقییەکان، بەدەر لەوەش بەهۆی ئەوەی پێگەیەکی ستراتیجی هەیە هەر لایەک هەوڵ دەدات باڵەخانەکە کۆنترۆڵ بکات. باڵەخانەی چێشتخانە تورکییەکە دەکەوێتە ناوەندی شاری بەغدا لە بەری پردی کۆماری و ڕووباری دیجلە کە شارەکەی کردووەتە دوو بەشەوە لەسەر گۆڕەپانی تەحریر هەڵکەوتووە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ لێژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور یەکەم کۆبوونەوە سازدەکات

لێژنەی تایبەت بە هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ساز دەکات. بڕیارە لێژنەکە، کە لە پەرلەمانی عێراق پێکهاتووە، ئەمڕۆ سێشەمە 2019/11/5 یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە بەغدای پایتەختی ئەو وڵاتە، ساز بکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

کەربەلا.. هەوڵی سووتاندنی کونسوڵخانەی ئێران درا

کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند کە شەوی دووشەمە بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکانی بەردەم کۆنسوڵخانەی ئێران لە شاری کەربەلا، سێ خۆپیشاندەر کوژراون و 12ی دیکەش برینداربوون. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



لوبنان.. خۆپیشاندەران داوای بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان دەکەن

خوپیشاندەرانی لوبنان، لە 17 ئوکتۆبەرەوە دەستیان بە ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان کردووە، داوا دەکەن تاوەکو پێکهێنانی حکوومەتی نوێ بەردەوام بن لە خۆپیشاندان. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



یۆنان... خۆپیشاندانی قوتابیان

دوێنێ دووشەمە، سەدان قوتابی قۆناغی ناوەندیی لە شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستمی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکان کراوە خۆپیشاندانیان ئەنجام دا.

سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە شاندی ناوەندی دیالۆگی ڕافیدەین کرد

سەرۆک بارزانی: خەڵک مافی خۆیەتی داوای ژیانێکی ئاسوودە و سەربەرزانە بکات

ئەو ڕەوشەی بووەتە هۆی ناڕەزایەتیی خەڵک لێکەوتەی سیاسەتی هەڵەی ساڵانی ڕابردووە

لەپێناو کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق گەلی کوردستان دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد



دوێنێ دووشەممە 4ی11ی2019 سەرۆک مەسعود بارزانی لە سەلاحەدین لەگەڵ شاندێکی ناوەندی دیالۆگی ڕافیدەین کە لە ژمارەیەک کەسایەتی و نوخبەی ئەکادیمی و فەرهەنگیی عێراقی پێکهاتووە، کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە مەبەستی ڕاگۆڕینەوە لەبارەی خۆپێشاندانەکانی هاوواڵاتیان و دۆخی سیاسیی عێراق و ئایندەی پرۆسەی سیاسی سازدرابوو، سەرەتا شاندی میوان وێڕای دەربڕینی سوپاس بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی ئەو دیدارە، ڕا و سەرنجی خۆیان لەبارەی دۆخەکە خستەڕوو و پلانی ناوەندی دیالۆگی ڕافیدەینیان بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی ئێستا و خستنەڕووی پێشنیازەکانیان بۆ هەنگاوی پێویستی چارەسەری، بۆ سەرۆک بارزانی شی کردەوە و دواتریش داوایان لە سەرۆک بارزانی کرد بەرچاوڕوونیی پێویستیان بداتێ.

سەرۆک بارزانی وێڕای دەربڕینی پشتیوانی بۆ داواکارییە ڕەواکانی خەڵک، ڕوونی کردەوە کە خەڵک مافی خۆیەتی داوای ژیانێکی ئاسوودە و سەربەرزانە بکات و ئەو ڕەوشەی بووەتە هۆی ناڕەزایەتیی خەڵک لێکەوتەی سیاسەتی هەڵەی ساڵانی ڕابردووە و ناکرێ بەرپرسیارێتییەکەی بەتەنیا بخرێتە ئەستۆی سەرۆکوەزیرانی ئێستا و کابینەکەی و خەڵکانێک کە خۆیان هۆکاری کەموکوڕی و شکستەکانی ساڵانی ڕابردوون ئێستا سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکە بن.

سەرۆک بارزانی هەروەها ئاماژەی بە میژووی گەلی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و نەهامەتی و قوربانیدانی کوردستان دا و ئەوەی خستەڕوو کە دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای شەراکەتی کورد و عەرەب و ڕەچاوکردنی مافی پێکهاتەکانی دیکە دامەزرا، بەڵام بەشی گەلی کوردستان لەو شەراکەتە 4500 گوندی وێران و سەدو هەشتاو دوو هەزار ئەنفال و بیستەروشوێنبوونی دوازدە هەزار گەنجی فەیلی و هەشت هەزار بارزانی و کیمیابارانکردنی کوردستان بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا لەپێناو کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق گەلی کوردستان دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەپێناو نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ و پێکهێنانی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ کە تێیدا مافی هەموو لایەک پارێزراو و جێگیر بێت، هەوڵی زۆریان دا. بەڵام بەداخەوە بەهۆی باڵادەستیی فەرهەنگی هەڕەشە و بە پاشکۆیەتی کورد و پێشێلکردنی شەراکەت، کەوتنەوە دژایەتیی گەلەکەمان و دەستوور پێشێل کرا و کار گەییشتە تۆڵەسەندنەوە و قوڵتربوونی تایبەگەری و ئابلۆقەدانی پێشمەرگە و بڕینی بوودجە و لەشکرکێشی و پیلانگێڕان بۆ لەناوبردنی هەرێمی کوردستان.

سەرۆک بارزانی هەروەها ڕایگەیاند کە ئەگەر دەستووری ئێستای عێراق وەکخۆی جێبەجێ کرابا زۆربەی کێشەکان ڕوویان نەدەدا و مافی هاوواڵاتیان دەپارێزرا، بەڵام لە ئەنجامی پشتگوێخستنی دەستوور و هەوڵدان بۆ تاکڕەوی و خۆسەپاندن، عێراق گەیشتۆتە ئەو دۆخە و چارەسەرکردنیشی پێویستی بە نەهێشتنی هۆکارەکان هەیە.

سەرۆک بارزانی ڕوونیشی کردەوە کە گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکان هەنگاوی باشیان بڕیوە و بەردەوامیشن، بە ڕاشکاوییش بە شاندی میوانی ڕاگەیاند کە ئەو داواکارییانەی بەناوی خۆپێشاندەرانەوە بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکم و دەستکاریکردنی دەستوور دەخرێنە ڕوو، تا ئەو جێیە ڕەوا و قبوڵکراون کە دژی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان نەبن و بنەما دیموکراسییەکانی تەوافوق و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکان بپارێزرێت.

سەرۆک بارزانی هەروەها پێشوازی لە ئامانجەکانی سەنتەرەکە بۆ دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە و پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان کرد و بە هەنگاوێکی زۆر باشی زانی بۆ لێکتێگەییشتن و گەییشتن بە ئەنجامی بەسود.

ئەمڕۆ لێژنەی هەموارکردنەوە یەکەم کۆبوونەوە سازدەکات

هەموارکردنەوەی دەستوور هەوڵێکی لایەنە شۆڤینییەکانە بۆ لادانی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان



لێژنەی تایبەت بە هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ساز دەکات. بڕیارە لێژنەکە، کە لە پەرلەمانی عێراق پێکهاتووە، ئەمڕۆ سێشەممە 2019/11/5 یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە بەغدای پایتەختی ئەو وڵاتە، ساز بکات.

پێشتر دوای خۆپیشاندان و ئاڵۆزییەکانی عێراق، پەرلەمانی عێراق لێژنەیەکی 18 کەسی بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق، پێکهێنا.

لێژنەکە لە پەرلەمانتارانی پێکهاتەکانی عێراق پێک دێت و هەر سێ سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، تێیدا ئەندامن. لە ڕۆژی 2019/10/2ەوە، هاوواڵاتیانی عێراق لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی ئەو وڵاتە دەستیان بە خۆپیشاندان دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری کردووە و تا ئێستا بەردەوامە.

چاودێرانی سیاسیی کورد پێیان وایە، هەموارکردنەوەی دەستوور، کە لە ساڵی 2005 نوسراوە و زۆرینەی گەلی عێراق و هەرێمی کوردستان پەسەندی کردووە، هەوڵێکی لایەنە شۆڤینییەکانی عێراقە بۆ ڕەتکردنەوە و لادانی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان.

کەربەلا... هەوڵی سووتاندنی کونسوڵخانەی ئێران درا

وەزارەتی دەرەوەی عێراق: ئاسایشی نێردە دیپلۆماتییەکان و کونسوڵخانەکان هێڵی سوورن



هەوڵیانداوە بەسەر کونسوڵخانەی ئێراندا بکەن. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە لە ئاکامی پێکهەڵپژانەکەدا، سێ خۆپیشاندەر کوژراون و 12ی دیکەش بریندارببوون.

جێی باسە شەوی دووشەممە خۆپیشاندەران ئالای عێراقییان لەسەر دیواری کونسوڵخانەی ئێران لە شاری کەربەلا هەڵکرد و دواتر هەوڵیاندا کونسوڵخانە بسووتێنن، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکرا.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەربەلاش ڕایگەیاند کە لەئێستادا، هێزە ئەمنییەکان بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی توند ڕەوشی دەوروبەری کونسوڵخانەی ئێرانیان لە شاری کەربەلا کۆنترۆڵکردووە. سەرچاوەکە باسی لەوەشکرد کە لە کاتی هەڵکوتنەسەر کونسوڵخانەی ئێران لە شاری کەربەلا لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە، هیچ فەرمانبەرێک لەناو کونسوڵخانەکەدا نەبووە.

لەکاردانەوەیەکیشدا وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە ئیدانەی هەڵکوتانەسەر کونسوڵخانەی ئێران لە شاری کەربەلا لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دەکات. لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دەرەوەی عێراقدا هاتووە: ئەوەی شەوی ڕابردوو لە هەڵکوتانەسەر کونسوڵخانەی ئێران لە شاری کەربەلا لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە ڕوویداوە، مایەی قبوڵکردن نییە و ئیدانەی دەکەین.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی پابەندەن بە پاراستنی ئاسایشی بالەخانە دیپلۆماتکارەکان لە وڵاتەکەی وەک ئەوەی لە ڕێککەوتنامەی ڤیەننا تایبەت بە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان ئاماژەی پێکراوە و گوتوویەتی: ئاسایشی نێردە دیپلۆماتییەکان و کونسوڵخانەکان لە عێراق هێڵی سوورن و بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت هێرشیان بکرێتەسەر و هێزە ئەمنییەکانیش ڕێوشوێنی تووندیان بۆ ڕێگریکردن لە زیان گەیاندن بە ئاسایشی نێردە دیپلۆماتییەکان گرتووەتەبەر.

عێراق.. بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ حەرام دەکرێت



یەکێک لە مەرجەعە باڵاکانی شیعە لە نەجەف باشووری عێراق بە دەرکردنی فتوایەک، بەکارهێنانی ئەو گازە فرمێسکڕێژەی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا قەدەغەکراوە، حەرام کرد.

دوێنێ دووشەممە نووسینگەی ڕاگەیاندنی مەرجەعی باڵای شیعە لە نەجەف، قاسم تائیی ڕاگەیەندراوێکی لەوبارەوە بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوە کردووە ئەو گازە فرمێسکڕێژە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا قەدەغەکراوە و لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکاردەهێندرێت، حەرامە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا قاسم تائیی گوتوویەتی: هەر کەسێک گازی فرمێسکڕێژ بەرامبەر خۆپیشاندەران بەکاربهێنێت لەو کارە شەفاعەتی بۆ ناکرێت، ئەگەر یان لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت و لەگەڵ ئەو کەسەش کە فەرمانەکە جێبەجێ دەکات. ناوبراو داواشی کرد، هەر کەسێک گازی فرمێسکڕێژی دژی خۆپیشاندەران بەکارهێنا، بایکۆتی بکرێت و لە هیچ کۆڕ و دانیشتنێکدا مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت و ناوبان وەک کەسانی قێزەون و نەفرەت لێکراو بڵاوبکرێتەوە.

پێشتر کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق داوای کردبوو لێکۆڵینەوە لە ئەو گازە فرمێسکڕێژە بکرێت کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دژبە خۆپیشاندەران بەکارهێنراوە.

عەرەب، کورد، موسڵمان، مەسیحی، سوننە یان شیعە بێت، هەروەها ئێبالئی هەموو لایەنە شەرعییەکان لەم دونیا و ڕۆژی دوایی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی فەرمانی ئەو کارە دەدات جا چی لە هەر ئاستێک کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند کە شەوی دووشەممە بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بەلاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکانی بەردەم کۆنسوڵخانەی ئێران لە شاری کەربەلا، سێ خۆپیشاندەر کوژراون و 12ی دیکەش بریندارببوون. لە ڕاگەیەندراوێکدا کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوەکردووە کە شەوی دووشەممە لە میانی خۆپیشاندانەکانی بەردەم کونسوڵخانەی ئێران لە شاری کەربەلادا، پێکهەڵپژان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕوویداوە.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، پێکهەڵپژانەکە لەو کاتەدا ڕوویداوە کە هێزە ئەمنییەکان



نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکی کۆبووەوە

پرۆسەی سیاسی و دۆخی ئەمنیی عێراق تاوتوێ کرا

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمەریکا دەڕوانێت و سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەمەریکا دووپات کردەوە کە هەمیشە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان کردووە و بەتایبەتی لە شەڕی دژی تیرۆردا هاوکاریی هەرێمی کوردستان و عێراقی کرد و ڕۆڵی گەورەی لە تێکشکاندنی داعشدا بینی.

لە کۆبوونەوەیەکدا، شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکی بە سەرۆکایەتیی بەڕێز ئادەم سمیت کۆنگرێسمانی دیموکراتەکان و سێ ئەندامی کۆنگرێس و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوێنێ دووشەمە 2019/11/4 دوایین پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکانیان تاوتوێ کرد و تیشکیان خستەر سەر هۆکارەکان و داخوازیی خۆپیشاندەران و پێشبینی داهاتووی پرۆسەی سیاسی و دۆخی ئەمنی لە عێراق.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵێزی ئەمەریکا لە عێراق و شاندی هەردوولا بەشدار بوون، بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و دیالۆگی چارەسەرکردنی کێشەکان، دۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان، مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی و ڕۆڵی ئەمەریکا بۆ هاریکاری لەمبارەیەوە، باس کرا. لەبارەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانەوە، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە پێکەوەژیان و یەکترقبوولکردنی نێوان تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان کردەوە، هەروەها تیشکی خستەر سەر چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و سوپاسی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کرد کە لەمبارەیەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان دەکەن، سەرخستنی ئەم پرۆسەیەشی بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکوومەت لە قەڵەم دا.

ئالوگۆڕکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و پێشهاتەکانی سووریا و دۆخی پەنابەران و هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان و گرنگیی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای کۆنگرێسی ئەمەریکی دەکات

شاندی کۆنگرێسی ئەمەریکا: بەردەوام دەبین لە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان

مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە ڕۆڵی ئەرێنیی خۆی دەگێڕێت لە چەسپاندنی سەقامگیریی ئاشتی و ئاسایش لە عێراق و ناوچەکەدا

دوێنێ دووشەمە 2019/11/4 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای کۆنگرێسی ئەمەریکی کرد بە سەرۆکایەتی کۆنگرێسمان ئادەم سمیس. لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت ئامادەیبوو، گفتوگۆ دەربارەی دۆخی عێراق و ناوچەکە کرا.

شاندەکەی کۆنگرێس ئاماژەیان بەوەدا کە لە نێو کۆنگرێسی ئەمەریکادا هەموو لایەنەکان پشتیوانی زۆر لە گەلی کورد دەکەن و وەکو هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا دەیبینن. شاندەکە هەروەها جەختی لە پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان کردەوە بەتایبەتی پشتگیریکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتیش کە هێشتا هەڕەشەکانی داعش کۆتاییان نەهاتووە. دەربارەی دۆخی عێراقیش شاندی کۆنگرێس ئاماژەی بەوەدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراقێکی گەشەسەندووی سەقامگیرە. دڵنیاییشیان دا کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەمێننەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتیوانییەکانی کۆنگرێسی کرد و دووپاتیکردەوە کە هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە ڕۆڵی ئەرێنیی خۆی دەگێڕێت لە چەسپاندنی سەقامگیریی ئاشتی و ئاسایش لە عێراق و ناوچەکەدا.

مەسرور بارزانی: ئەگەر سێ پارێزگا لەسەر بەندێکی دەستوور ڕازی نەبن ئەوا تێناپەڕێت

ئادەم سیمس: هەوڵ دەدەین سووریایەکی نوێ بێتە ئاراوە کە ڕۆڵی کورد تێیدا بەهێز بێت



دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەی دوێنێی نێوان سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی و شاندەکەی کۆنگرێسی ئەمەریکی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا هەردوولا تیشکیان خستەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە و جەختیان لەسەر هەماهەنگی و پشتیوانییەکان کردەوە.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، سەرەتا کۆنگرێسمان ئادەم سیمس گوتی: ئێمە پشتگیری هیچ سیاسەتێکی سەرۆک تەرمپ ناکەین لە بارەی کشانەوە لە سووریا و لە کۆنگرێسیش دژایەتی ئەو بڕیارەمان کرد و، ئەمەریکا هەمیشە پشتیوانی کوردی کردووە، دەمەوێت بە ڕوونی بڵێم، ئیدارەی تەرمپ خەریکە پاشگەز دەبێتەوە و ئێمە دەمانەوێت ئەو متمانەیە بگەڕێنینەوە کە لەدەستمان داوە لە ڕابردوودا.

ئادەم سیمس گوتیشی: دەمەوێت بە ڕوونی بڵێم، سەرۆک تەرمپ زۆر هەڵەیە لەوەی دەڵێت، ئێمە تەنیا ئامانجمان کێڵگە نەوتییەکانە، بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە گرنگە ئەو کێڵگانە نەکەونە دەست داعش و ئەوە نەوتی ئێمە و ناوچەی ئێمە نییە و دەبێت سەرۆک تەرمپیش لەوە تێبگات. ئێمە بۆ نەوت لەوێ نین و ئێمە دەمانەوێت پەیوەندییەکانمان لەو ناوچەیە باش بێت.

سەرۆکی شاندەکەی کۆنگرێس لە بارەی داهاتووی پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)، گوتی: لەگەڵ هەسەدە بەردەوام دەبین. بەیەکەوە کاردەکەین بۆ ئەوەی دڵنیا بین داعش سەرهەڵناداتەوە. ئاشکراشیکرد، بۆ ئەو مەبەستە، تورکیا فشاری کردووە. دەوڵەتی ئەسەدیش گەڕاوەتەوە ناوچەکە. هەوڵ دەدەین، کە سووریایەکی نوێ بێتە ئاراوە، ڕۆڵی کورد تێیدا بەهێز بێت.

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی گوتی: لەسەر هەموو ئەو پەیوەندییانەی ئێمە و ئەمەریکا قسەمان کردووە و ئەمەریکا بە هاوپەیمانێکی نزیکی خۆمان دەزانین و ئەوانیش پەیمانییان دووپاتکردەوە لەم بوارەوە.

مەسرور بارزانی گوتیشی: ئێمە باسی ئەوەشمان کرد، کە چۆن دەتوانین بەیەکەوە هاوکار بین بۆ دژایەتی تیرۆر و ئێمە باسی ئەوەمان دەکرد، چەندە نیگەرانیین لەو ڕەوشەی لە ناوچەکە هەیە و ئەوانیش هاوڕا بوون لەگەڵ ئێمە لە زۆربەی ئەو بابەتانە و بە ئێمەیان وتووە، وەکو هاوپەیمان بەردەوام دەبن لە پشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستان.

لەبارەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقیش، مەسرور بارزانی گوتی: لە دەستووردا باسی ئەوە کراوە کە هەر بەندێک ئەگەر پێویست بێت ئەوا بەپێی میکانیزمێک دەبێت کە ئەگەر سێ پارێزگا لەسەر بەندێکی دەستوور ڕازی نەبن ئەوا تێناپەڕێت، ئێمەش پابەندی خۆمان لەسەر ئەو میکانیزمانەی لەدەستووردا هاتووە دووپاتدەکەینەوە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا بۆ «خەبات»:

پەرلەمان چاوەڕێی ناردنی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراقە

ئامادەکردنی پرۆژەکە لەلایەن حکوومەتەوە تەواو بووە



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە پەرلەمان چاوەڕوانی هاتنی پرۆژە یاسای بودجەی 2020ی عێراقە لەلایەن حکوومەتەوە فیدرالییەوە، بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت. د.ڤیان سەبری، سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، دواکەوتنی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق، کاریگەری لەسەر کوردستان نابێت.

ڕوونیشی کردەوە، دەبووایە مانگی 10 پرۆژە یاساکە بگاتە پەرلەمان، چونکە «پرۆژەکە تەواو بووە لە وەزارەتی دارایی و لە ئەنجومەنی وەزیران کاری لەسەر دەکرێت».

تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی بودجەکە بە زووترین کات بخرێتە بەردەم پەرلەمان.

ئاماژەی بەوەشدا کە ئەگەر بودجەکە لە ماوەی 15 ڕۆژدا نەخرایە بەردەم پەرلەمان، ئەوا پەرلەمان مافی هەیە داوای لێپرسینەوە لە حکوومەت بکات.

مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکەن، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی لە بودجەی 2019ی عێراقدا پرسی مووچەی فەرمانبەران لە بابەتی ناکۆکییە سیاسییەکان جیاکراوەتەوە.

تویتەر، هەژمارەکانی کەنالی ئەلمنار تیقی سەر بە ڕێکخراوی حزبوڵڵای لوبنانی هەڵپەسارد

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە مالپەڕی تەلەفزیۆنی ئەلمنار بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە تویتەر بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک زۆربەی هەژمارەکانی کەنالی ئەلمناری هەڵپەساردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەو هەنگاوانە بە گوشاری سیاسیی لە قەڵەمدراوە کە بەرامبەر هەژمارەکانی کەنالەکە گیراوەتەبەر و، ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو هەژمارانە نزیکەی ملیۆنێک فۆلۆوەریان هەبووە.

سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، باراک ئۆباما لە 18ی کانوونی یەکەمی 2015دا یاسایەکی واژوو کرد کە ئەو مانگە دەستکردەی کردە ئامانج کە بەرنامەکانی کەنالی ئەلمنار تیقی پەخش دەکات و، تیایدا ڕیۆشۆن گیراونەتەبەر بۆ سزادانی ئەو دامەزراوە دارایینەی لەگەڵ ڕێکخراوی حزبوڵڵا کار دەکەن.

مووچەی پەرلەمانتارانی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکرایەوە

بەپێی بڕیارێکی نوێی پەرلەمان، مووچەی پەرلەمانتارانی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کرایەوە. دوێنێ دووشەمە 2019/11/4 ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە میدیاکانی ئەو وڵاتەی ڕاگەیاندووە، دوای دروستبوونی خۆپیشاندانەکان لە عێراق، پەرلەمان بڕیاری کرمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران و سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقی دا. ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی هەروەها ڕایگەیاندووە، بەپێی بڕیارەکە، مووچەی پەرلەمانتاران بۆ چوار ملیۆن دیناری مانگانە کەم کرایەوە و لەو چوار ملیۆنەش، کرێی خانووی پەرلەمانیان لێ وەردەگیرێ، کە دەگاتە دوو ملیۆن دینار.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/11/5 ژمارە (5864)
خەبات

بەغدا.. باڵەخانەی چێشتخانەیەک بووە بە هێمای شۆڕشی خۆپیشاندەران

باڵەخانەیەکی چۆڵی نزیک گۆڕەپانی تەحریر یەکێکە لەو باڵەخانە سەرەکییانەی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەغدا و لە شەش نهۆم پێکهاتووە، بەڵام لە 2003وە بەهۆی بۆردومانێکی هێزەکانی ئەمەریکاوە چۆڵکراوە

بەم دواییانە خۆپیشاندەران بەشێک لە باڵەخانەکەیان نۆژەنکردەوە بۆ ئەوەی لە میانی خۆپیشاندانەکانیاندا شەوانە تیایدا بمێننەوە





ئەم باڵەخانەیە بەردەوام خاڵی ملمالانێی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بووە، بەهۆی ئەوەی پێگەیەکی ستراتیجیی هەیە هەر لایەک هەوڵ دەدات باڵەخانەکە کۆنترۆڵ بکات

ئا: سەنگەر حوسێن-ئاژانسەکان:

باڵەخانەی چێشتخانەیەک کە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەغدا لە 2003ــوە بەهۆی بۆردومانێکی هێزەکانی ئەمەریکاوە چۆڵکراوە و لە ئێستادا تەنها باڵەخانەیەک نییە، بەڵکو بووتە هێمایەکی دیاری شۆڕشی عێراقییەکان، بەدەر لەوەش بەهۆی ئەوەی پێگەیەکی ستراتیجی هەیە هەر لایەک هەوڵ دەدات باڵەخانەکە کۆنترۆڵ بکات. باڵەخانەی چێشتخانە تورکییەکە دەکەوێتە ناوەندی شاری بەغدا لە بەری پردی کۆماری و ڕووباری دیجلە کە شارەکەی کردووەتە دوو بەشەوە لەسەر گۆڕەپانی تەحریر هەڵکەوتووە.

لە سەرەتای ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە 25ی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووە لە بەغدا و ژمارەیەک شاری دیکەی عێراق ئەنجام دران، خۆپیشاندەران باڵەخانەی چێشتخانەکەیان کۆنترۆڵکرد و داواکارییەکانیان تیادا هەڵواسیوە و ئەمە جگە لەوەی لە ئێستادا بۆ چاودێریکردنی جموجۆڵی هێزە ئەمنییەکان بەکاری دەهێنن. سەرەتا کۆنترۆڵکردنی باڵەخانەی چێشتخانە چۆلەکە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە ئاسان نەبوو، بەڵکو دوای هەوڵێکی زۆر خۆپیشاندەران توانیان کۆنترۆڵی بکەن لە کاتێکدا هێزە ئەمنییەکان بەچڕی هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی باڵەخانەکە کۆنترۆڵ بکەن ئەویش بەهۆی ئەوەی باڵەخانەکە پێگەیەکی ستراتیجی هەیە.

باڵەخانەکە یەکێکە لە باڵەخانە سەرەکییەکانی ناوەڕاستی بەغدا و لە شەش نهۆم پێکهاتووە و لە 2003ــەوە بەهۆی بۆردومانێکی هێزەکانی ئەمەریکاوە چۆڵکراوە، باڵەخانەکە بە چێشتخانەی تورکیا بەناوبانگ بوو چونکە کۆتا نهۆمی باڵەخانەکە چێشتخانەیەکی تورکی بوو.

باڵەخانەکە لە 2011دا بۆ چاودێریکردنی خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی تەحریر لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانی پێشوو، نوری مالیکی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەکارهێنرابوو، هەروەها هێزە ئەمنییەکان لە ساڵانی 2015، 2017 و 2018دا لە میانی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت، باڵەخانەکەیان کۆنترۆڵکردبوو.

لەبارەوە خۆپیشاندەرێک گوتی: پێشتر هێزە ئەمنییەکان کاتێک باڵەخانەکەیان کۆنترۆڵکردبوو ئێمەیان دەکردە ئامانج. گوتیشی: ئێستا ئێمە کە باڵەخانەکەمان کۆنترۆڵکردووە و بە ئاسانی دەتوانین چاودێری جموجۆڵی هێزە ئەمنییەکان بکەین لە گۆڕەپانی تەحریر.

نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکە

باڵەخانەکە لە 2003وە بەهۆی بۆردومانێکی هێزەکانی ئەمەریکاوە چۆڵکراوە و هیچ پێدوایستێکی ژیانی تیادا نەماوە، بەڵام بەم دواییانە خۆپیشاندەران بەشێک لە باڵەخانەکەیان نۆژەنکردەوە بۆ ئەوەی لە میانی خۆپیشاندانەکانیادا شەوانە تیادا بمێننەوە. خۆپیشاندەرێکیش دەڵێت: خۆپیشاندەران بەشێکی باڵەخانەکان نۆژەنکردووەتەوە و کارەباشمان بۆ ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی شەوانە تیادا بمێننەوە.

باڵەخانەکە نۆژەن ناکرێتەوە

ئەندامێکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا، ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی گەندەڵییەوە نەتواندراوە باڵەخانەی چێشتخانە تورکییەکە لە ناوەڕاستی بەغدا نۆژەن بکرێتەوە. دەشڵێت: بە بیانووی ئەوەی گوایە بەهۆی بۆردومانی هێزەکانی ئەمەریکاوە مادەی پیسی کیمایی لە باڵەخانەکەدا بڵاوبووەتەوە، وەبەرهێنەرەکە کاری نۆژەنکردنەوەکەی ڕاگرت، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو تەنها بانگەشەیە و دووڕە لە ڕاستییەوە.

باڵەخانەکە ناوی «تاوەری شۆڕشی» لێ دەنرێت

لە ئێستادا خۆپیشاندەران پێداگیری ئەوە دەکەن باڵەخانەکە ناوی "تاوەری شۆڕشی" لێ بنێن و لەمبارەوە خۆپیشاندەرێک دەڵێت: "ئەگەر شۆڕشەکەمان سەرکەوت ئەوە باڵەخانەکە ناوی دەبێتە (تاوەڕی شۆڕشی) و دەیکەین بە هێمایەکی دیار و گرنگی خۆپیشاندانەکانمان لە گۆڕەپانی تەحریر".

بەپێی دواینێ ئامار کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤەوە لە عێراق باڵاوکراوەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە میانی ئەو خۆپیشاندانەکاندا تا ئێستا لە شاری بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق ئەنجام دەدرێن بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە 265 . کوژراو و 12هەزار بریندار لە خۆپیشاندەر و کارمەندی ئەمنی.

ئامۆزایەکی موقتەدا سەدر وەک باڵیۆزی عێراق لە بەریتانیا و برازایەکیشی وەک سکرتێری یەکەمی هەمان باڵیۆزخانە دەستبەکار بوون



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

لەکاتێکدا نزیکەی 10 ڕۆژە خۆپیشاندانی 10 پارێزگای زۆرینە شیعەی عێراق لەخۆپیشاندانداون و زیاتر لە 200 کوژراو و 12 هەزار بریندار لێکەوتۆتەوە و سەرکردەی ڕەوتی سەدر موقتەدا سەدر سواری شەپۆلی خۆپیشاندانەکان بووە و داوای دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرەک وەزیرانی عێراق دەکات، ئامۆزایەکی موقتەدا سەدر وەک باڵیۆزی عێراق لە بەریتانیا پێشکەش بە فەرمانگەی تەشریفات لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کردووە و لەچاوەڕێی پێشکەشکردن و خۆناساندن دایە بە مەلیکە ئەلیزابێت مەلیکەی بەریتانیا. هەروەها گوتی: لەلایەکی تریشەوە ئەحمەد مستەفا سەدر لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند کەوا ئەوراقی ئیعتیمادی وەک باڵیۆزی کۆماری عێراق لە بەریتانیا پێشکەش بە فەرمانگەی تەشریفات لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کردووە و لەچاوەڕێی پێشکەشکردن و خۆناساندن دایە بە مەلیکە ئەلیزابێت مەلیکەی بەریتانیا. هەروەها گوتی: لەلایەکی تریشەوە ئەحمەد مستەفا سەدر برازای موقتەدا سەدر وەک سکرتێری یەکەمی هەمان باڵیۆزخانە دەستبەکار دەبێت.

شایانی باسە ئەحمەد مستەفا سەدر کە لەسەر داوای خودی موقتەدا سەدر وەک ڕاوێژکاری عادل عەبدولمەهدی دامەزراوبوو گوازرایەوە بۆ میلاکی وەزارەتی دەرەوە و لەم هەفتەیەشدا وەک سکرتێری یەکەم لەباڵیۆزخانەی عێراق لەبەریتانیا دەستبەکار دەبێت.

محەمەد جەعفەر سەدر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ خەبات گوتی: پێش دەستبەکاربوونی وەک باڵیۆزی عێراق لە بەریتانیا، لەلایەن بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆمارەوە پێشوازی لێکراوە و هیوای سەرکەوتنی لەکاری نوێیدا بۆ خواستووە. بەپێی زانیارییەکانیش خانەوادەی موقتەدا سەدر بەرەچەڵەک لوبنانی و ئێرانین و لەسەدەی 19 کۆچیان کردووە بۆ عێراق.

بەغدا.. هۆشداری لە داڕووخانی پردی کۆماری دەدرێت



گوتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف ڕایگەیاند کە ئەگەری هەیە لە ئەنجامی کردەکانی سووتاندن و وێرانکارییەکان، پردی کۆماری ناوەڕاستی شاری بەغدا بڕووخێت. پردی کۆماری بە پردێکی گرنگی بەغدا دادەندرێت بەو پێیەی دەکەوێتە نێوان گۆڕەپانی تەحریر کە ناوەندی چالاکی و گردبوونەوەی خۆپیشاندەرانە و ناوچەی سەوز کە بارەگای سەرەکی حکوومەت و پەرلەمان و باڵیۆزخانە بیانییەکان لەخۆدەگرێت.

کەنالی نیمچە فەرمی عێراقییە بلاویکردەوە کە لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف ڕایگەیاندووە "پردی کۆماری بە هۆی ئەوەی ڕووبەڕووی سووتاندن و وێرانکردن بووەتەوە، ئەگەری هەیە بڕووخێت". ماوەی چەند ڕۆژێکە بە هۆی سکرتێری یەکەمی هەمان باڵیۆزخانە دەستبەکار دەبێت.

شایانی باسە ئەحمەد مستەفا سەدر کە لەسەر داوای خودی موقتەدا سەدر وەک ڕاوێژکاری عادل عەبدولمەهدی دامەزراوبوو گوازرایەوە بۆ میلاکی وەزارەتی دەرەوە و لەم هەفتەیەشدا وەک سکرتێری یەکەم لەباڵیۆزخانەی عێراق لەبەریتانیا دەستبەکار دەبێت.

محەمەد جەعفەر سەدر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ خەبات گوتی: پێش دەستبەکاربوونی وەک باڵیۆزی عێراق لە بەریتانیا، لەلایەن بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆمارەوە پێشوازی لێکراوە و هیوای سەرکەوتنی لەکاری نوێیدا بۆ خواستووە. بەپێی زانیارییەکانیش خانەوادەی موقتەدا سەدر بەرەچەڵەک لوبنانی و ئێرانین و لەسەدەی 19 کۆچیان کردووە بۆ عێراق.

خۆپیشاندانەکانەوە پردی کۆماری داخراوە، ئەمە وێرای ئەوەی هێز ئەمنییەکان ڕێوشوێنی تووندیان لە بەری ناوچەی سەوز لەسەر پردەکە گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگە بە خۆپیشاندەران نەدەن لە گۆڕەپانی تەحریرەوە بچنە ناوچەی سەوز. عێراق لەسەرەتای مانگی ڕابردووەوە، ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی بەرفراوانی لە بەغدا و شارەکانی تری باشوور بەخۆوە دەبینێت، سەرەتای خۆپیشاندانەکان کە لە یەکی تشرینی یەکەمەوە دەستپێکرد ماوەی هەفتەیەکی خایاند، دواتر لە 25ی هەمان مانگ جارێکی تر خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکردەوە و تا ئێستا بەردەوامییان هەیە. لە ئاکامی گرژی و ئاڵۆزییەکان و پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان و پاسەوانی بارەگاکان، تا ئێستا 265 کەس کوژراون و سەدانی دیکەش برینداربوون.

سەرۆکی ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی:

ئامادەین هاوکارێکی ڕاستەقینە بین بۆ پشتیوانیکردنی حکوومەتی هەرێم لە نەهێشتنی گەندەڵی



خەبات: هاوار مورتکەیی

ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتیی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی لە وڵاتی نەرویژ دامەزراوە، بەپێی یاسای ئەو وڵاتە مۆڵەتی فەرمی و کارکردنی وەرگرتووە، ئەم ڕێکخراوە کارەکات بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری دادپەروەری و ئاشتیی جیهانی و جێبەجێکردنی پێوەری جیهانی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی، لەدیمانەیەکدا سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە باس لە چەند تەوەرێکی تایبەت بە دادپەروەری و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکات.

دەسەڵاتێکی دادوەری

سەرەتا موحسین محەمەد عەبدوڵلا سەرۆکی ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی باسیی بە پرۆژەی چاکسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی دادوەری لە دەسەڵاتدا و گوتی: ئامانجی ڕێکخراوەکەمان پشتیوانی کردنە لە دادپەروەری و سەروەری یاسا لە جیهان بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، دیارە چاکسازی و سەروەری یاساش یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دادوەری، دەستخۆشی لە هەر هەنگاوێکی چاکسازی دەکەین لە دژی گەندەڵی و کەمکردنەوە و نەهێشتنی ڕۆتین و زیاتر خزمەتکردن بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، لە پێناو پاراستنی مافڵ و سامانی گشتی کوردستان، بۆیە ئێمە لە ڕێکخراوەکەمان ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین کە هاوکارێکی تەواوی بێلایەن و شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بین بۆ پشتیوانیکردنی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دژی نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازی و پاکسازیکردن لەهەموو بوارەکانی تری سیستەمی بەڕێوەبردنی ئیشوکاری هاوڵاتیانی کوردستانی خۆشەویست.

هەستی نیشتمانی و دادپەروەری

دواتر سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە زیاتر گوتی: هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی چاکسازی بەدڵنیاییەوە کارێکی پیرۆزە و لە بەرژەوندی گەل و نەتەوە و حکوومەت و بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی و بۆ بەهێزکردنی هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، مێژووی مرۆڤایەتی ئەو هەنگاوە پیرۆزانەی حکوومەتی هەرێم تۆمارەدەکات.

هیواخوازین کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی دریغی نەکات لەو چاکسازییەی دەستی پێکردووە و بەردەوام بێت تاکو دوا قۆناغ، هیواخوازین چاکسازییەکانی کابینەی حکوومەتی هەرێم ببێتە هۆی هاندانی لاوان و گەنجان و خاوەن بڕوانامەکان لە بواری جیاوازەکاندا بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و دادپەروەری لە بەڕێوەبردنی وڵات.

لێپێچینەوەی یاسایی

دواتر موحسین محەمەد سەرۆکی ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە چی بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوو، دواتر بەهۆی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ لەبەرامبەریان و کوژران و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران بەو هۆیەوە، ئاستی داواکاریان گۆڕی بۆ لەکارخستنی حکوومەت.

لەبەرامبەردا حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی زنجیرەیەک بڕیاری ئەنجامدانی چاکسازی ڕاگەیاندووە و بڕیاری لێپرسینەوەشی لەو کەسانە داوە کە بەرپرس بوون لە ئەنجامدانی تووندوتیژی و هێز لەدژی خۆپیشاندەران.

ئەوەی ئەو هەڵمەتە بەیاسایی و دادوەری بەردەوامی هەبێت گوتی: بەسیستەمکردنی هەموو دامودەزگانی حکوومەت و لێپێچینەوەی تووند و یاسایی و دادپەروەرانە لەگەڵ گەندەڵکاران بکرێت بە پێی پلەی بەرپرسیاریەتی و سەرپێچییەکانیان لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، هەروەها دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، وە لێکۆڵینەوەی دادپەروەرانە و سزای گونجاو و دادپەروەرانە بۆ کەسانی تاوانبار و کەمتەرخەم و گەندەڵ، لەهەمان کاتیش دەستخۆشی و پاداشت بۆ کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوە ناوخۆیی و جیهانییەکان بۆ پاڵپشتی کردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو دابینکردنی دادپەوەری و ئاشتی جیهانی، دووبارە بنیاتنانەوەی متمانە لەنێوان هاووڵاتیانی کوردستان و حکوومەت.

ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا: بەشێکی زۆر کەم هەوڵی بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندانەکان دەدەن

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا ڕایگەیاند، بەشێکی زۆر کەمی خۆپیشاندەران هەوڵی بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندانەکان دەدەن، لەهەمانکاتدا بەڵێنیدا بە کۆتایی هێنان لە بەئامانجگرتنی خۆپیشاندەران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە. فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا، قەیس محەمەداوی لە کاتی چوونی بۆ گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا لە لێدوانیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان باسی لە دۆخی خۆپیشاندانەکان و ئەرکی هێزە ئەمنییەکان کرد.

محەمەداوی گوتی: خۆپیشاندەران ڕۆڵەی نێمەن و پەیام و داواکاری ڕەوای ئەوان گەیشتووە، بەندە وەک فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا دەڵێم کەلەگەڵتانم. ئەوەشی گوت: بەشێکی زۆر کەمی خۆپیشاندەران کە ڕێژەکەیان ناگاتە لەسەدا یەک، هەوڵی بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندانەکان دەدەن، بەڵام خۆپیشاندەرانی ئاشتییانە لەپێش نێمە ڕێگری لەوانە دەکەن بۆ پاراستنی سەلامەتی خۆیان.

فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا لە میانی لێدوانەکانیدا لەبەن. عێراق لەسەرەتای مانگی ڕابردووەوە، نارەزایەتی و خۆپیشاندانی بەرفراوان لە بەغدا و شارەکانی دیکەی باشوور بەخۆوە دەبینێت، سەرەتای خۆپیشاندانەکان کە لەیەکی تشرینی یەکەمەوە دەستی پێکرد ماوەی هەفتەیەکی خایاند، دواتر لە 25ی هەمان مانگ جارێکی تر خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکردەوە و تائێستا بەردەوامییان هەیە.

لەئاکامی گرژی و ئاڵۆزییەکان و پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان و پاسەوانی بارەگاکان، تائێستا 265 کەس کوژراون و هەزارانی تریش بریندار بوون.

داواکاری سەرەتای خۆپیشاندانەکان، باشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دابینکردنی هەلی کار ، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوو، دواتر بەهۆی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ لەبەرامبەریان و کوژران و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران بەو هۆیەوە، ئاستی داواکانیان گۆڕی بۆ لەکارخستنی حکوومەت.

لەبەرامبەردا حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی زنجیرەیەک بڕیاری ئەنجامدانی چاکسازی ڕاگەیاندووە و بڕیاری لێپرسینەوەشی لەو کەسانە داوە کە بەرپرس بوون لە ئەنجامدانی تووندوتیژی و هێز لەدژی خۆپیشاندەران.



ئەمەریکا دوو بنکەی سەربازیی نوێ لە دێرازۆر دروست دەکات

ئەمەریکا دەستیکرد بە کارەکان بۆ دروستکردنی دوو بنکەی سەربازی نوێ لە پارێزگای دێرازۆری سووریا کە دەوڵەمەندە بە نەوت. دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو حکوومەتی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە هەژموونی سەربازی لە کێڵگە نەوتییەکانی سووریا بەهێز دەکات، لە دەوروبەری پارێزگای دێرازۆری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە خۆی زیاتر قایم کردووە.لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر ئامێری کارکردن بەدیدەکرێت لە دوو ناوچەدا، ئەوەش زانراوە کە ئەمەریکا 250 تا 300 سەربازی زیادە، زرێپۆش، چەکی قورس و تەقەمەنی ڕەوانەی ئەو ناوچانە کردووە.

لەوەتەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەستیپێکردووە، ئەمەریکا بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەژموونی لە باکووری سووریا کەمکردووەتەوە، بەڵام ڕەوانەکردنی سەرباز و پێداویستی سەربازیی بۆ دێرازۆر زیادکردووە، دوایینجاریش لە 28ی تشرینی یەکەمدا کاروانێکی 170 ئۆتۆمبێلی ڕەوانە کردبوو. ئەو گواستنەوەیەش گەورەترین گواستنەوەیە لەوەتەی ئەمەریکا لە عێراقەوە کاروان ڕەوانەی سووریا دەکات.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە ڕوونکردنەوەکەی 23ی تشرینی یەکەمیدا، باسی لەوە کرد کە کێڵگە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی سووریایان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و ژمارەیەک سەربازی وڵاتەکەشی لەوێ جێگیر دەکەن. لە کاتێکدا ئەمەریکا کێڵگەی نەوتی عومەر کە گەورەترین کێڵگەی نەوتی سووریایە وەک بنکە بەکاردەهێنێت، لە سێ خاڵی جیاوازی دێرازۆردا بنکەی سەربازیی هەیە.





لوبنان.. خۆپیشاندەران داوای بەردەوامیی نارەزایەتییەکان دەکەن

خوپیشاندەرانی لوبنان، کە بەهۆی قەیرانی ئابووری و سیاسەتی باج و پلانی حکوومەت بۆ زیادکردنی باج لە پرۆژە یاسای بوودجەی 2020ی وڵاتەکەدا، لە 17 ئۆکتۆبەرەوە دەستیان بە نارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان کردووە، داوا دەکەن تاوەکو پێکهێنانی حکوومەتی نوێ بەردەوام بن لە خۆپیشاندان.

خۆپیشاندەران، پاش دەست لەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی سەعد حەریری لە 29ی تشرینی یەکەمی ڕابردوو، دووبارە هاتنەوە سەر گۆڕەپانەکانی شەهیدان و ڕیاز سولح لە بەیروتی پایتەخت. نارەزایەتییەکان لە بەیروت و ناوچەکانی دیکە لە ژێر ناوی «ڕۆژی یەکبوون» بەڕێوەچوو. ئەمجارەیان خۆپیشاندان لە ڕێی هەڵکردنی دروشمی وەک «شۆڕش» ، "کۆتایی بە سیاسەتی مەزهەبگەرایەتی بێنن" ، «کۆتایی بە دزینی مالّی گشتی بهێنن» و «دادگاییکردنی گەندەڵگاران» دەیانەوێت دەنگی خۆیان بگەیەنن. خۆپیشاندەران، بانگەشەی داخستنی ڕێگا و بایکۆتکردنی دەوامی فەرمی دەکەن بۆ گوشار کردن لە پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێی بێلایەنی تەکنۆکرات.

شوقە بەسەر کەمدرامەت و فەرمانبەران دابەش دەکرێت

ئەو شوقانەی حکوومەت دروستی کردوون، ئامادە کراون بۆ ئەوەی دابەشی سەر کەمدەرامەت و فەرمانبەران بکرێن



ئاگرین عەبدوڵا، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون بە دەڵێ: ژمارەیەکی زۆری یەکەی نیشتەجێبوون لە لایەن حکوومەت تەواو کراون و ئامادەن بۆ دابەشکردن .

گوتیشی: ئەمڕۆ سێشەممە 2019/11/5 وەکوو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە 132 شوقە لە دەڤەری ڕاپەڕین کە تەواوبوونە بە تەواوی خزمەتگوزاریەوە دەکرێنەوە .

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون ڕوونیشی کردەوە، شوقەکان ڕادەستی ئیدارەی ناوچەکە دەکرێن، بەپێی ئەو ڕێنماییەی لە یاساکەی پەرلەمان هەیە بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، دەبێت دابەشی سەر کەمدەرامەت و فەرمانبەران بکرێن.

لە ساڵی 2011دا لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە 7ی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێکردن بۆ کەمدەرامەتان دەرچوو.

ئاگرین عەبدوڵا جەختی لەوە کردەوە: بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان ئەو یەکانە ئەو هاوڵاتییانە دەگرێتەوە کە هاوسەرگیریان کردووە و دەرامەتیان سنووردارە، هەموو هاوڵاتییەکیش دەگرێتەوە بە مەرجێک دانیشتووی ئەو پارێزگایە بێت، لە پێشینەی خانووبەرە سوودمەند نەبوو بێت و هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونی بەناوەوە نەبێت و لە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە وەبەرهێنانیشدا سوودمەند نەبوو بێت، ئەو هاوڵاتییانەی سوودمەند دەبن، بەبێ پێشەکی یەکەکانیان پێ دەدرێت و بەبێ وەرگرتنی هیچ زیادەیەک حکوومەتیش قەرزەکە لە ماوەی 25 ساڵدا لێیان وەردەگرێتەوە، ڕێگەش نادرێت بۆ ماوەی 10 ساڵ ئەو یەکانە بفرۆشرێنەوە .

ئەوەشی خستە ڕوو، ئەو 132 شوقەیەی دەڤەری ڕاپەڕین لە ڕێگەی فۆرم دابەشکردن، دواتر دەدرێتە خەڵکی شایستە، ئەو 132 شوقەیە بڕی 7 ملیار و 530 ملیۆن دیناریان تێچووە، شوقەکانی دیکەش لە شار و ناوچەکانی دیکە بەپێی بوودجەی تەرخانکراو تەواو دەکرێن و دەدرێنە ئیدارەی ناوچەکان بۆ دابەشکردنی .



یەکشەممە 3ی11ی2019 هیوا ئەحمەد مستەفا) ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتیمان،بەیاوەری (هۆشیار مرشید) کارگێڕی لق و (مامۆستا سامان)ئەندامی لق، بنەماڵەی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گوڵان (زرار محمودی) بەسەرکردەوە. لەسەردانەکەدا بەرپرسی لق پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشی گەیاندە بنەماڵەی ناوبرا و بەهۆی کۆچی دوایی جوانەمەرگ (دلۆڤان نەوزاد)ی نەوەیان کەچەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەکارەساتێکی دڵ تەزێن کۆچی دوایی کردبوو، هیوای خواست دواناخۆشی بنەماڵە بەڕێزەکەیان بێت و گیانی کۆچکردووش بەهەشتی بەرین بێت. هەر لەسەردانەکەیدا بەرپرسی لق لەتەندروستی پێشمەرگەو خەباتگێڕی میللەتەکەمان (زرار محمودی) پرسی و هیوای تەندروستیەکی باشی بۆ خواست.

لای خۆشیەوە (زرار محمود) بەناوی بنەماڵەکەیان سوپاسی بەرپرسی لقی کرد بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیەو پێزانینیان هەبوو.

خانەقین.. باوکێک کورەکەی خۆی کوشت

خەبات ـ سەربە یوسف:

لەشارۆچکەی خانەقین، باوکێک کورەکەی خۆی دەکوژێت، پۆلیسی خانەقین دەڵێ هۆکاری کێشەکە کۆمەڵایەتی بووە. عەمید ئازاد عیسا ، بەڕێوەبەری پۆلیس خانەقین/هەرێمی کوردستان ، بە خەباتی ڕاگەیاند دوێنێ لەگوندی شیرک لە سنوری شارۆچکەی خانەقین، باوکێک بەچەک کورەکەی خۆی کوشت.

گوتیشی، هۆکاری کوشتنەکە بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی گەڕاوەتەوە و ناکۆکیان هەبووە. بەڕێوەبەر پۆلیسی خانەقین، ڕاشیگەیاند پاش ئەو تاوانە باوکەکە هەڵاتووە بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسی خانەقینەوە دەستگیر کراوە.

لقی 16: کێشەی نێوان هاونیشتیمانیانی گوندەکانی گۆپاڵ و وسومەریان چارەسەر کرا



بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هاونیشتیمانیانی هەردوو گوندی وسومەریان و گۆپاڵ لەهۆڵی بۆنەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بەنێوەندگیریی و ئامادەبوونی کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق و ماموستایانی ئاینی و کەسایەتی و ریش سپی و پیاو ماقوڵانی سنوورەکە و ژمارەیەک لە ئەندامانی خانەوادە و کەس و کاری هەردوو بنەماڵەی ناوبراو کۆتایی هێنرا بەکێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هاونیشتمانیانی هەردوو گوندی گۆپاڵ و گوندی وسومەریان .

لەدەسپێکی دانیشتنی ئاشتەواییەکەدا کاکەمین نەجارِ سوپاسی ئامادەبوانی کرد و دەستخۆشی لەهەموو ئەو کەسانە کرد کە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیانداوەو داوای لەهاونیشتمانیانی هەردوو گوندی ناوبراو کرد کە لەمەودوا بەگیانێکی برایانەوە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان بدەن و ڕێگە نەدەن جارێکی تر ئەو جۆرە کێشانە دووبارە ببنەوە .

دواتر بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16 وێڕای دەستخۆشی لە هاونیشتمانیانی هەردوو گوند بۆ بەدەنگەوە هاتن و کۆتایهێنان بەکێشەی نێوانیان و ئاشتبوونەوەیان هیوای خواست ئەم ئاشتەواییە سەرەتایەک بێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان و گیروگرفتەکان لەسنوورەکەداو.

لە کۆتایدا، هەردوو لایەنی ناکۆک سوپاسی گەرمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی16ی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد لەبەرامبەر هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونیان لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکەیان و بەڵێنیاندا پابەندی تەواوی ڕێکەوتنی نێوانیان بنو ڕێگە نەدەن جارێکی تر کێشەی لەو جۆرە دووبارە ببێتەوە .

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز ئیسماعیل سایەمیر

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و کەسایەتی دیاری مەندەلی (ساییر هاشم حەیدەر)ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمان بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز ئیسماعیل سایەمیر

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی شاری مەندەلی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، خوالێخۆشبوو (سایەمیر هاشم حەیدەر)ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوە و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

بەرپرسی لقی24ی سەفین بنەماڵەی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول (زرار محمود)بەسەردەکاتەوە

وەزیری کارەبا لەگەڵ شاندێکی باڵای بەریتانیا وەبەرهێنانیان لەکارەبای کوردستان تاوتوێکرد



ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا پێشوازی لەجەمیس زۆرنتۆن کونسوڵی گشتی بەریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق و شاندی یاوەری کرد، لەو دیدارەدا کە بەرپرسانی کۆمپانیاکانی سیمنس و کریستنت و ژمارەیەک لە ئەندامانی ژووری بازرگانی بەریتانیا ئامادەی بوون، وەزیری کارەبا وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان باسی بارودۆخی کەرتی کارەبای هەرێمی کوردستان کردو لەنزیکەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو قەرزانەی حکومەتی بەریتانیا کرد کە دەدرێتە حکومەتی عێراق و پشکی هەرێمی کوردستانی لێ نادرێت، وەزیری کارەبا داوای لە کۆمپانیەکان کرد لە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنان لەکەرتی کارەبادا بکەن و وەزارەتیش هەموو کارئاسانی و پاڵپشتیەکانیان دەکات، شاندی میوان وێڕای دەستخۆشیان بۆ وەزارەتی کارەبا بۆ ئەو هەنگاوانەی کە لەبواری بەهێزکردنی ژێرخانی کارەبا ئەنجام دەدرێت، لەنزیکەوە گوێبستی گرنگترین ئەو پرۆژانە بوون کە دەکرێت لەسەر قەرزی ئەو وڵاتە لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە بدرێتە هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی بەریتانیا جێبەجێیان بکەن، لەمبارەیەوە ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا داوای لە کونسوڵی گشتی بەریتانیا کرد لە پێدانی قەرزەکانیاندا بۆ حکومەتی عێراق دەبێت ڕەچاوی پشکی هەرێمی کوردستانیش بکرێت و پێویستە ئەو قەرزانە بەمەرج بدەن بۆ ئەوەی سەرجەم هاوڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی سوودی لێ وەربگرن و لەبواری پرۆژەکانی ژێرخاندا بەکار بهێنرێت.


لەتەوەرێکی دیدارەکەدا وەزیری کارەبا باسی لەگرنگترین ئەو پرۆژانە کرد کە حکومەتی بەرتانیا دەتوانن لەڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە جێبەجێیان بکەن و ستایشی ڕۆڵی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتەشی کرد کە لەژێر بواری بەرهەمهێنانی کارەبا و گواستنەوەدا سوودی لێ وەربگرن.

بڕیارێکی گرنگ سەبارەت بەتۆمارکردنی ئۆتۆمبێل

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی گرنگ سەبارەت بەتۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماوەی کۆتاییهاتنی ئۆتۆمبێلە تابلۆ کاتیەکانەوە دەردەکات. ڕادیۆی ترافیک ئێف ئێم سەر بە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی بڵاویکردەوە کە بەگوێرەی نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم تایبەت بەتۆمارکردنی ئۆتۆمبێل بڕیاردرا بەڕاگرتنی غەرامەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەوادەی خۆیاندا تۆمارناکرێن.

ڕاشیدەگەیەنن بۆ تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل بۆ یەکەمجار ڕۆژی دوای کۆتاییهاتنی ماوەی تۆمارکردنەکە، ئەگەر پشووی فەرمی بوو، جا بەهەر شێوەیەک بێت و ماوەکەی هەرچەندە بێت، ئەوا دەکرێت ڕۆژی دوای پشوو و پێش پشووەکەش هەرچەندێک پشوو بوو بکرێتە (سەماح) بۆ خاوەنەکەی ئەویش بەبێ هیچ غەرامەیەک تۆماری بکات.

بنگەهێ لالش: کوردستان پەناگەها ئێکێ و داوێیە بۆ پێکهاتێن ئایینی و نەتەوەیی



دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش یێ ڕەوشەنبیری و کۆمەلایەتی ل دهۆکێ دیار کر کو ئەم وەک کەمینەیەکا ئایینی، چوو خێراتێن عێراقێ یێن نوو ب دەست مە قە نەهاتینە بتنێ پۆستێن پشتگۆ هاڤێتی نەبیت کو کارەسات و نەخوشییێن عێراقێ یێن نوو بەر مە کەفتینە ئەو ژی تاوانا کۆمکوژیا بکۆم دژی خەلکێ مە ل شنگال، کو پتر ژ شەش هەزار ئێزدیان هاتنە کوشتن و گرتن و نیڤا وان هێشتا بێ دیار نین.

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٠٤/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٤/١١/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (ریبین عبدالرحمن سعید) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکاران ١- هوگر مغدید مجید ٢- کرم خضر ابراهیم داوای ژمارە ١٠٤/ب/٢٠١٩ لەسەر ئەوەی نامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٨/٨/٢٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (نامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بەگوێرەی مادەی ٢/٣١٢ لە یاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سوک بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ لەگەڵ ئەژمارکردنی ماوەی راگرتنەکەی لە ٢٠١٤/١١/٢٠ تا ٢٠١٤/١٢/٣٠
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ازاد اکرم مجید
***
فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٢٩٥
رێکەوت: ٣٠/١٠/٢٠١٩
ئاگاداری
بەپێی ئەو داوایەی کە لەلایەن (کۆمپانیای- لەریا – بۆ بارزگانی گشتی و هاورده و بەرهەمهێنانی خواردنەوە کحولیەکان/ سنوردار) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگە (دیبر – بۆ بەرهەمهێنانی خواردنەوە کحولییەکان) لەبەرواری (٢٠١٩/١٠/٢١) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە لە (راپەڕین) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسایی دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیداریان خاوەنی هەریەک لەو ئامێرانە دادنێ لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارە تۆماری دەکەین و بڕوانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێ ئەدرێت.
سۆران یادگار رشید/ دادنووسی یەکەمی
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/٢
ئامێرەکان-
١- ئامێری پڕکردن (تعبئة) و پاشکۆکانی مارکەی / AROL/ ایطالی ژ- A٤٤٤٨ – مۆدێل/ ٢٠١٩ / کارەبای.
٢- ئامێری لێدانی لیبل/ ایطالی – مۆدێل/٢٠١٩/ کارەبای
ژ- S٢T٣-٢١٨١E MATR\COLA R\/Model ٢١٨١ SCHEMA
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٤٨٥٤/ش/٢٠١٩/٢
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو(عبدالله حمید حسن)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (الاء سعد کامل) داوای ژمارە (٤٨٥٤/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تثبیت حضانه) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ ئەفسەرانی پول) بۆیەد دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/١٧)، بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ناشکراو پاشملە.
دادەر/ طارق حسین کریم
***
بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهوک
ژمارە: ٣٠١٢/٢٠١٩
رێکەوت: ٤/١١/٢٠١٩
پێراگەیاندن
بۆ/ قەردار: یوسف عبدالله شرف خان
ژبەر نەزانین و نەدیاری شوێنی نیشتەجێ بوونا تە، لەورا بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێبەجێکردنی بریار هاتە دان ب رێیا دوو رۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژا بەلافکرنا قێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێبەجێکرنێ و بەروقاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی بێن (جبری) بین.
ژڤان عزیز محمد/ رێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
***
رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانی یا پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەفی و زار
ژمارە:٣٤/٣٠٠/١/١
میژوو: ٤/١١/٢٠١٩
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە (٣٢) یاسالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیک زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (سەرشووا مللی) ب روبوەرێ ١٤٠م٢ و (کشک) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٤١٦)م٢ ب روبوەرێ (٢٠)م٢ و (گازینووا مللی) ب روبوەرێ (١٧٨)م٢ و دوکان ژمارە (١٥) و (١٦) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٧١) سری ب روبوەرێ (١٧,٢٥)م٢ کەرتێ (١) مانگێنش بو ماوێ (٢) دوو سال و هەرکەسێ بقێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیک زیدەکرنیدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کوکێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانییا مانگێنش بکەت د ماوێ (٣٠)سیە روژا دا ژ بەلاڤکرنا قێ ئاگەهداریێ دروژنامێ دا و ئەڤ سەرئیک زیدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانییا مانگێنش دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ، و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت دی کەڤنە ستوی وی.
ئەندازیار / خالد سلیمان یاسین
ه. رێقەبەرێ گشتی
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوک
ژمارە/ ١٣٨٩ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/٣٠/ ١٠/ ٢٠١٦
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (شڤان علی ابراهیم) ل دیف داخازیا داواکار (کازین رمضان عبدالحمید) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریار بەسەندکرنا بەردانا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (تاخێ ملانی) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا ٢٠١٩/١١/١١ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادەر/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوک
ژمارە/ ١٣٧١ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/٤/ ١١/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (میکایلا کنتارا تیلدر) ل دیف داخازیا داواکار (هشام سلیم محمد علی) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریار بەسەندکرنا بەردانا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (تاخێ ملانی) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا ٢٠١٩/١١/١٢ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادەر/ زیرڤان احمد حسین
***
دادگای باری کەسایەتی ل دهوک
ژمارە/ ١٢٠١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ١٠/٢٣/ ٢٠١٩
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (المیاء باقلا) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٠ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (هیزل امجد خلیل) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادەر / مروان عادل اسماعیل
***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٩٣٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (السلك الرصین)
بۆ بەڵێندەرایەتی کارەبایی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (السلك الرصین) بۆ بەڵێندەرایەتی کارەبایی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد محمود فقی احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٦٧٠
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کەناری دەریا) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کەناری دەریا) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فلاح صباح محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٠٢١
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (LILIUM)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (LILIUM) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (الهام عبدالقادر عبدالرحمن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢١
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٩٣٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (EUCAL YPTUS) بۆ بازرگانی گشتی و چاندنی روەك و گژوگیا/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (EUCAL YPTUS) بۆ بازرگانی گشتی و چاندنی روەك و گژوگیا/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد محمود فقی احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

AL HAYDAR Group
مجموعة الحيدر

اعلان

UNHCR
The UN Refugee Agency

تعلن منظمة مفوضية السامية لشؤؤن اللاجئين (UNHCR) مع منظمة الغذاء العالمي (WFP) في اربيل وبالتعاون مع شركة الحيدر للسيارات على بيع سيارات مستعملة في المزاد العلني من نوع
(تويوتا / لاندكروز - برادو - فورجنر - كرولا - هايلوكس - هايس - كوستر . كيا سيراتو) .
- سيتم بيع الى اعلى مزايد .
- تخضع المشاركة في المزاد بدفع رسم تسجيل , قابل للاسترجاع في حالة عدم الفوز في المزايدة .
- المتفوق في المزايدة يستكمل عملية الدفع خلال ٤ ايام من تأريخ المزاد.
- يخصع بيع المركبات ل "سعر الاحتفاظ " تحتفظ المفوضية بحق عدم منح البيع اذا لم يصل البيع الى سعر المحتفظ .
سيقام المزاد يوم السبت المصادف ٩ تشرين الثاني , يبداء من الساعة ١٠:٣٠ صباحا في العنوان التالي :
(شركة الحيدر للسيارات - شارع ١٠٠ متري / مقابل جامعة جيهان)
للمزيد من المعلومات الاتصال بالارقام ٠٧٥٠٤٩١١١١٢- ٠٧٥٠٢٤٨٣٣٣٣)
يسمح بالمشاركة في المزاد لجميع المشاركين المسجلين الذين دفعوا رسوم التسجيل

ئاگاداری

ئاگاداریەك لەلایەن رێکخراوی رێپێدراوی کاروباری پەنابەران (UNHCR) و رێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) لە هەولێر و بەهاوهانەنگی لەگەڵ کۆمپانیای الحیدر بۆ بازرگانی ئوتومبیل-کەوا نابراوان هەڵدەستن بە فرۆشتنی ئوتومبیلی بەکارهاتوو لە زیادکردنی ئاشکرا لە جۆرەکانی:
(تویوتا / لاندکروز - برادو فورجنر-کرولا-هایلوکس-هایس-کوستر-کیا سیراتو).
- فرۆشتنەکە بۆ گرانترین نرخ دەبێت.
-بەشداربووی زیادکردنەکە دەبێت رسوماتی تۆماربدات , کەوا دەگەرێتەوەبۆ خاوەنەکەی لەکاتی کەوا زیادکردنەکەی بۆ دەرنەچوو.
-سەرکەوتوو لە پرۆسەی زیادکردنەکە دەبێت لە ماوەی ٤ رۆژ سەرجەم کارەکان تەواکات.
نرخی ئوتومبیلەکان دەبێت بگات بە "نرخی دانراو (خەملێنراو)" ئەگەر نا وبە پێچەوانەوە ئەوا بۆ رێکخراو هەیە کەوا نەیفرۆشێت.
زیادکردنەکە رۆژی شەممە بەرواری ٢٠١٩/١١/٩ و لەکاتژمێر ١٠:٣٠ ی بەیانی بەرێوەدەچێت لەو ناونیشانەی خوارەوە:
(کۆمپانیای الحیدر بۆ بازرگانی ئوتومبیل - شەقامی ١٠٠ متری / بەرامبەر زانکۆی جیهان)
بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکەن بە (٠٧٥٠٢٤٨٣٣٣٣ - ٠٧٥٠٤٩١١١١٢) سەرجەم ئەوانەی رسوماتی تۆماریان داوە دەتوانن بەشداری بکەن

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1630:
ئینگلتەرا و ئسپانیا رێککەوتنامەی مەدریدیان مۆر کرد و کۆتاییان بە شەڕی نێوانیان هێنا



سالی 1944:
رێکخراوی شتێرن لۆرد موینی وەزیری بەریتانی لە فەلەستین تیرۆر کرد .



سالی 1967:
لە کاتی سەردانیدا بۆ بەغدا ، کودەتایەکی سەربازی لە دژی دەسەلاتی عەبدولا سلالی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی یەمەن رووبدا .



سالی 2006:
دادگای تاوانی عێراق بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ سەددام حوسێن و عەواد بەندەر و بارزان تکریتی دا .



سالی 2008:
لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ، باراک ئۆباما بە جیاوازیەکی زۆری دەنگ لە رکابەرەکەی بردەوە و بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا .



سالی 2018:
سزا سەپێنراوەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران چوونە بواری جێبەجێکردن .

جامووو و کشمیر
بوو بە دوو بەشەوە



هەرێمی جامووو و کشمیر کە لە پێنجی ئابدا لە لایەن حکوومەتەکەی نارێندرا مۆدی لە هیندستان پێگە تایبەتەکەی هەڵگیرا، ئەمڕۆ بە فەرمی بوو بە دوو بەشەوە.بەپێی هەوالی راگەیاندنی ناوخۆی هیندستان، حکوومەتی پارتی گەلی هیندستان (BJP)، بە چاکسازی لەبارەی دووبارە پێکهێنانەوەی جامووو و کشمیر کە لە پێنجی ئابدا بە یاسا کرا ویلایەتەکە وەک جامووو و کشمیر و یەکێتیی خاکی لاداخ رێکخرا.حکوومەت، گیریش جاندرا مورمو-ی وەک یەکەم بریکاری پارێزگای جامووو و کشمیری و رەزا کریشنا ماسور-ی وەک یەکەم بریکاری پارێزگای یەکێتی خاکی لاداخ دانا.ئاماژە بەوە کرا کە ئەو کارمەندانەی لە سەرەتای تشرینی دووەمەوە لە دەلهی، گۆوا، ئارونا چال پرادێش، ئاندامان و نیکۆبار لە یەکێتیی خاک کار دەکەن دەگوازرێنەوە بۆ جامووو و کشمیر.

چاکسازیە نوێکە چی دەهێنێتە ئاراوە؟

جامووو و کشمیر کە لەو چاکسازیە نوێیەدا یەکێتیی خاکە بە دەسەلاتی سنووردار دەبێتە ئەندامی یاسادانان لە لاداخ پەرلەمان نابێت. هەردوو یەکێتیی خاکەکە راستەوخۆ سەربە ناوەند دەبن.هەموو ئەو یاسایانەی لە لایەن پەرلەمانی هیندستانەوە پەسەند دەکرێت لە هەردوو یەکێتیی خاکەکەدا کاری پێدەکرێت. جامووو و کشمیر خاوەنی دەستوور و ئالای خۆی نابێت.ئەو هاوولاتییە هیندستانیانەی لە هەر لایەکی وڵاتەوە دێن دەتوانن لە ناوچەکەدا زەوی بکڕن، لە دام و دەزگاکانی حکوومەتدا کار بکەن، سوود لە قەرز و هاوکارییەکانی دیکەی دەوڵەت وەربگرن.گوتەبێژی پێشووی یاسای جامووو و کشمیر، جیهانگیر ئیقبال لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە بابەتەکە، ئاماژەی بەوە کرد کە وەرگرتنی کار لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا دەبێت کە لە خاکی هیندستاندا وەک ناوەند بەڕێوەدەبرێت.ئیقبال باسی لەوەیش کرد کە هەر کەسێک لە جامووو و کشمیر کاردەکات دەکرێت بگوازرێتەوە بۆ هەر ناوچەیەک کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەڕێوەدەبرێت.حکوومەتی هیندستان بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەو چاکسازییە نوێیە ئابووری ناوچەکە وەک بەشەکانی دیکەی وڵات باش دەبێت و ئاستی خۆشگوزەرانی خەڵکەکە بەرز دەبێتەوە.لە بەڵگەیەکدا کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی هیندستانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو وەبەرهێنەرانەی کەرتی تایبەت کە دەیانەوێت زەوی بکڕن دەتوانن لە سبەینێوە یەکەی بەرهەمهێنان لە ناوچەکە دابنێن.لە کاتێکدا باس لەوە دەکرێت کە کێشەی نەتوانستی کڕینی زەوی لە لایەن پیشەوەرانەوە بێ کاری زیاد کردووە، جەخت لەسەر ئەوەیش کرایەوە کە ئەو ڕەوشە کاتی پێویستی داوە بە گەنجان بۆ بەشداریکردنی لە چالاکیە نایاساییەکاندا.

هەڵگرتنی ستاتۆی تایبەتی جامووو و کشمیر

هیندستان لە پێنجی ئابدا، 379هەمین ماددەی دەستووری هەڵوەشاندەوە کە دەستوور ماوەی زیاتر لەنیو سەدەیە ستاتۆی تایبەتی بە کشمیر بەخشی بوو بەوەیش پێکهاتەی پێگەی تایبەتی ناوچەکەی نەهێشت، بەمەیش ''یەکێتیی خاک ''سەربە ناوەندی جامووو و کشمیر لە ستاتۆکەدا بووە دوو ناوچە. دوای بڕیارەکە، هێزە ئەمنییەکانی هیندستان لە جامووو و کشمیر ئۆپەراسیۆنەکانی ئاسایش و هەڵکوتانە سەر خەڵکیان زیادکرد و هەموو بەڕێوەبەران و ئەندامانی پارتە ناوخۆییەکانی ناوچەکە دەستگیرکران.لە سالی 1947ەوە لەوەتەی سەربەخۆیی لە بەریتانیاوە وەرگرتووە، جامووو و کشمیر پێگەیەکی تایبەتی هەبوو کە دەیتوانی یاسای خۆی دەربکات. ئەو پێگە تایبەتە یاسای هاوولاتیبوونی تیادابوو کە رێگەی نەدەدا بە کەسانی بیانیی لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بێن و زەوی بکڕن.



بەریتانیا.. دۆسیەی جولیان ئاسانج

دادگایەکی بەریتانیا داواکاری پارێزەرانی دامەزرێنەری ویکیلیکس، جولیان ئاسانج-ی ڕەتکردەوە بۆ دواخستنی دانیشتنەکەی مانگی شوبات لەسەر دۆسیەی ڕادەستکردنەوەی ئاسانج بە ئەمەریکا



دادگایەکی بەریتانیا داواکاری پارێزەرانی دامەزرێنەری ویکیلیکس، جولیان ئاسانجی ڕەتکردەوە بۆ دواخستنی دانیشتنەکەی مانگی شوبات لەسەر دۆسیەی ڕادەستکردنەوەی ئاسانج بە ئەمەریکا .داواکاری پارێزەرانی جولیان ئاسانج بۆ دواخستنی دانیشتنی دۆسیەی ڕادەستکردنەوەی دامەزرێنەری ویکیلیکس بە ئەمەریکا کە بڕیاردراوە مانگی شوبات ئەنجامبدرێت بۆ سێ مانگی دیکە لە لایەن دادگای پلە یەکی وێستمینستەرەوە ڕەتکرایەوە.وەک هۆکارێک بۆ داواکاریەکەیان، پارێزەرانی جولیان ئاسانج فرەئاراستەی و فرەڕەهەندی دۆسیەکەیان خستبووەڕوو، بۆ ئەمەش داوای کاتی زیاتریان کردبوو بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ بەرگریکردن.دانیشتنە سەرەکییەکان لەبارەی داواکاری ڕادەستکردنەوەی جولیان ئاسانج لە 25ی کانوونی دووەمی 2020 دەست پێ دەکات و پێنج ڕۆژ دەخایەنێت.لەنیو ئەو تۆمەتانەی ئەمریکا ئاراستەی جولیان ئاسانج-ی کردووە، پشتبەستن بە یاسای سیخوڕیکردن سالی 1917 تۆمەتی "سیخوڕیکردن" هەیە.لە کاتێکدا بەتۆمەتی سیخوڕیکردن و دەستدرێژی سێکسی لە مانگی حوزەیرانی 2012دا دۆسیە لەسەر جولیان ئاسانج کرایەوە و ڕادەستکردنەوەی بە سوید لە ئارادابوو، ناوبراو پەنای بردە بەر بالێوزخانەی ئیکوادۆر لە لەندەن.جولیان ئاسانج لە سالی 2012ەوە لە بالێوزخانەی ئیکوادۆر لە لەندەن مایەوە و لە 11ی نیساندا لە بالێوزخانەکە دەرهێنراو و دەستگیرکرا، پاشان بە هۆی پێشێلکردنی مەرجەکانی ئازادکردن بە کەفالەت دەستبەسەرکرا. دادگا سزای 50هەفتە زیندانی بەسەر جولیان ئاسانج-دا سەپاند بە هۆی ئەو تاوانەوە.

ئەگەر دادگاکەی بەریتانیا داواکاری ڕادەستکردنەوەی بە ئەمەریکا پەسەند بکات، ئەوا جولیان ئاسانج دەتوانێت دۆسیەکەی بگوازێتەوە بۆ دادگای باڵا، لەوێشەوە بیگوازێتەوە بۆ دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا. شارەزایان پێیانوایە دۆسیەکەی جولیان ئاسانج تا دوو ساڵ دڕێژە بکێشێت.مالپەڕی ویکیلیکس کە جولیان ئاسانج دایمەزراندووە لە ساڵی 2010دا ژمارەیەکی زۆر بەڵگەی نهێنیی بڵاوکردەوە لەبارەی ئەو بەڵگانەی تاوانەکانی ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستان دەخەنەڕوو.جولیان ئاسانج لە گرتووخانەی بێتلمارش دەستبەسەرە کە گرتووخانەیەکە لە بەریتانیا ئەو تاوانبارانەی تیادا دەستبەسەرە کە سزاکانیان قورسە.



پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و کورد

یونس حەمەد – ئۆسلۆ

ساڵی 1990بە بڕیارێکی هەواڵگری و نەێنی ،سوپای عێراق کە سەددام حوسێن سەرکردایەتی دەکرد، کوێتی داگیرکرد ، دوای ئەمە لەیەک نزیکبوونەوەیەک نێوان عەرەب وئیسرائیل دروست بوو ،دانیشتنی مەدرید دواتر ڕێککەوتنی ئۆسلۆی لێکەوتەوە ، پاش ئەم ڕێککەوتنە ئاستی دیپلۆماسی و بازرگانی و میدیایی ئاراستەیەکی تازە بابەتی بەخۆیەوە بینی ، بە واتای ئەوەی لە نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ ئیسرائیل و عەرەب تێگەیشتنیان پەیدا کردووە ئەگەرچی نهێنیە ،بەڵام پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خاڵی پۆزەتیڤ هەنگاو دەنێت .. کوێت دوای شەش مانگ لە داگیرکاری ڕزگارکرا.

برگەی حەوتەم بەسەر دەوڵەتی بە ناو عێراق سەپێندرا ، کە یەکێکە لە تووندترین بەڵگەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش ، بەوە کارەکە ڕانەوەستا ، لە مارسی 2003ئەمەریکا بڕیاری ڕووخانی سەددەمی دا بەمەش قۆناخەکە گۆڕانی تێکەوت ، چونکە دوای جەنگی دووەمی جیهان یەکەم جاربوو سەرۆکێک بەم شێوەیەی سەددام بڕۆخێت ، ئەگەر هەندێک بگەڕێینەوە دواوە لە 11ی سێپتەمبەری 2001ئەمەریکا دووچاری گەورەترین کاری تیرۆرستی بۆوە ،کە گوورزێکی گەورەی لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمەریکادا ، ئەمەریکا لە سیاسەتی نهێنی و هەواڵگری چووە دەرەوەی ڕووداوەکان . دوای ڕووخانی سەددام سیستەمی شیعەی کردە باڵادەست لە ناوچەکەدا ئەگەر چی پێشتر لە سەرەتای هەشتاکانەوە دژی ئێران و هاوئاوازەکانی بوو ، بەڵام بۆ ئەمەریکای دوو هەزارەکان و بەمەبەستی زیاتر ململانێی ناوچەکە ئێرانی کردە پێشەنگ چ بە نهێنی یان بە ئاشکرا پاڵپشتی یان سیاسەتی (خۆ گێل) کردنی لەگەڵ ئێران پەیڕەو دەکرد ، تاگەیشتە قۆناخی ئەوەی ئێران توانی هێزی خۆی لە چەند پایتەختێکی عەرەبی بدۆزێتەوە، بەمەش سعودیە و تەواوی عەرەب و هەروەها ئیسرائیلیشی نیگەران کرد.. ئەمەریکا باکی بەوە نەبوو سەرەتا ئێران چۆن هەڵسوکەوت دەکات ، چونکە پلانەکە دارێژراو بوو ،چ بەیروت و شام پێشتر کە هیلالەکە گەیشتە شەنگال (ستۆپی) پێکرا ، 90%شکستی هێنا ، ئێران زۆر بە هەرەمەکی خۆی خزاندە نێو پرس و ململانێیەک کە لە ئاستیدا نەبوو ، چونکە ململانێی مێژوو و جوگرافیای ناوچەکە زۆر لە دەوڵەتان گەورەتر ،بەتایبەت کە ئێران دوای ڕابەرایەتی شا دووچاری چەندین کێشە بۆتەوە بەرانبەر عەرەب لە لایەک و ڕۆژئاواییەکان و ئەمەریکا لەلایەکی دیکەوە . لێرەدا پرسیار دروست دەبێت ئایا چۆن کاتی خۆی بە سەددام کرا کە (جڵەویان بۆی شۆڕ) کرد ، بەم شێوەیە ئێران تێکەوت .. لە سەروبەندی بە ناو شۆڕشەکانی عەرەبیدا کە بە چەند قۆناخێک بەرپابوو پایتەختەکان زۆر بە ئاسانی ڕووخان قاهیرە ، تونس ، تەرابلس ، سەنعا ، دواتر خەرتووم و جەزائیر ، بەڵام شام (دیمەشق) ڕووخانەکەی دواخرا ، ئەمەش زانستێکی تێدا هەبوو ، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا ئێرانیان هێنا بۆ نێو گێژاوی سووریا ، بەڵام دواتر وایانکرد تورکیاش بێتە لایەنێکی سەرەکی لەم ململانێیەدا ، ئەوەبوو ڕێگە درا دەستێوەردان و داگیرکاری ئەنجام بدات ، تاڕادەیەک ئەگەر چی بۆ تورکەکان لە ئاستی خراپوونە بەردەستی ئێران . ئێنجا بەغدا و سەنعا و تاڕادەیەکیش دۆحە هاتنە سەر هێڵی تاران ،بە واتایەکی دیکە ئەمەریکا توانی یاریەکە بە باشی ئەنجام بدات و هەڵیبسەنگێنێت و ئێرانی خزاندە ناو یاریەک کە بە هیچ شێوەیەک نەتوانێت لێی دەربازی ببێت، چونکە ئاسان نیە چوار پایتەخت بخەیە سەر ڕکێفی خۆت کە تەواوی هاوڵاتیانی ئەم دەوڵەتانە جگە لە ڕژێمەکان دژایەتیت بکەن .سەبارەت بە عێراقیش لە دوای 2003وە سیستەمی شیعە بووە حوکمڕانی لە بەغدا هەر لەگەڵ بوونی شیعە بە خاوەن دەسەڵات بە بەرچاو و ئاگاداری ئەمەریکا پێشکەش بە ئێران کرا ، ئەمەش بۆ زۆرکەس و دەوڵەت وەرچەرخانێکی نوێ بوو، بەڵام وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد ، ئەمەریکا بە پلان و بەرنامە ئەمەی دانابوو ، پرسی ئابلۆقەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران و داخستنی گەرووی هورمز گورزێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بە پلەی یەک بۆ ئێران کە پێشتر بە نیازی (هیلالی شیعی) بوو ، بەڵام چاوەڕوانی نەبوو ،چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی تورکیا یەک دەنگی نواند ،بەمەش ئەمەریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا چەندین (چۆلەکەیان بە بردێک کوشت) ، تورکیا هاتە نێو گێژاوێک کە توانای بەرەنگاری نیە بە تایبەت لە ڕووی سیاسەتدا بە هۆکاری ئەوەی لە هیچ مێژوویەکدا وەک ئەمڕۆ تورکیا دوژمنی بەم شێوە زۆرەی بۆ پەیدانەبووە، خاڵێکی دیکەش تورکیا بۆی ئاشکرابوو کە ساڵی 2023یان پێش ئەم مێژووە گۆڕانکارییەکان سەرهەڵدەدەن بۆیە لە ململانێکانی سووریادا چاوی هیچی نەدیت جگە لە شەڕ دژ بە کورد ، بەمەش بە هەمان شێوەی ئێران ،تورکیا بووە دەوڵەتێک کە هاوڵاتیانی وەک هاوڵاتیانی وڵاتانی سێیەم سەیر بکرێن کە پێشتر هەوڵی چوونی بۆ نێو یەکێتی ئەورووپا دەدا. تورکیا بەرلەوەی پێناسە و پێداچوونەوەی بۆ سیاسەتی خۆی بکات دووچاری شکستێکی یەکجار گەورەبوو کە دەربازبوونی ئەستەمە.. خۆنیشاندانەکانی عێراق ئەگەر چی هەرەمەکی پێوە دیارە،چونکە کەس خۆی بە خاوەنی نازانی ،موقتەدا سەدر بە ڕێنمایی ئێران دەیەوێت ببێتە خاوەنی ،بەڵام پرسەکە زۆر لەوە گەورەترە لەمەشیان چ ئێران و یان عێراق یان هاوئاوازەکانیان قوربانی یەکەمی ڕووداوەکانن ، زۆر بە ڕوونی عێراق دەستووری پێشێل کرد ، لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017وەک ڕژێمەکانی جاران هێرشی کردە سەر کورد ، ئەوەی بۆی کرا کردی ، ئەگەر هەندێک بۆ مێژووی نێوان 2003و 2017بگەڕێینەوە دەبینرێت سەرۆک بارزانی تێگەیشتنێکی باشی بۆ ڕەوشەکە هەبوو ،هەر بۆیە سەرکردایەتی ڕیفراندۆمێکی سەرکەوتووی کرد .. کۆی بابەتەکان پێمان دەڵێن ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێوە ، بە ڕای چاودێر و پسپۆڕان چ ناوچەیی یان جیهانی کورد دەبێتە فاکتۆرێکی گرینگی پێشهاتەکان ، چونکە کورد زۆر کارتی بەدەستەوەیە گرینگترین ئەو کارتانە دەنگی میللەتە کە لە -25 9-2017لە ڕیفراندۆمێکی یاسایی و ئاساییدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان تۆماری کرد، هەروەها پێشێلی بەردەوامی دەوڵەتی بە ناو عێراق دژ بە گەلی کوردستان.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
بە گوێرەی دوایین ڕاپرسی کە لە بەریتانیا ئەنجام دراوە : پارتی پارێزگاران بە سەرۆکایەتی جۆنسۆن هەشت خاڵ لەپێش پارتی کرێکارانە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بەمەبەستی بردەودان بە پرۆسەی ئاشتی، بڕیار وایە هەریەکە لە سەرۆکی سودان و سەرۆکی باشووری سودان و سەرۆکی ئۆگەندا لە جوبا کۆببنەوە .



ئیلاف :
بەهۆی زیادبوونی ئاڵۆزی لە نێوان هەردووک وڵاتدا، باڵیۆزخانەی پاکستان لە کابوڵ بڕیاری دا بەشی بەخشینی ڤیزا دابخات .



ئەی ئێف پی:
لە هۆنگ کۆنگ کەسێک بە چەقۆ هێرشی کردە سەر ژمارەیەک خەڵک و شەش کەسی بریندار کرد .



فرانس 24:
کارلۆس میسای دۆڕاو لە هەڵبژاردنەکانی پۆلیڤیا ، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تازەی کرد بۆ ئەوەی وڵات لەو دۆخە ناجێگیرە دەرباز بێ کە تێی کەوتووە.



کەنالی ئار تی :
لە نزیک کەناراوەکانی بنین ، چەند چەتەیەک 9 ئەندامی پاپۆڕێکی نەرویجیان ڕفاند .



چەند هەنگاوێک بۆ چاندنی سەربانیماڵ

یەکەم- دڵنیابەوە کە سەربانەکەت بۆ ماوەی 4تاکو 5کاتژمێر بە لایانی کەم لە رۆژێکدا تیشکی خۆری بەردەکەوێت.
دووەم- سەربانی ماڵەکەت بە باشی خاوێنبکەوە پێش ئەوەی دەست بکەی بە چاندن بۆ ئەوەی دڵنیابی کە میترو و مێش و مەگەزی تێدا نەماوە، سەرجەم ئەو هۆکارانەی رێگری لە گەیشتنی تیشکی خۆر لادەبرێن.
سێیەم: شێوازێکی چاند هەڵبژێرە ئینجا چڕ بێت یان ئاسایی بێت بە پێی پێویستی خۆت و بڕی بەرهەمی ویستراو.
چوارەم- سەرەتا لە دەستپێکدا بە سیستەمی ئاسان و ئاسایی دەست بەکارەکانت بکە تا ئەو کاتەی شارەزایی وەردەگریت.
پێنجەم- پێویستییە سەرەکییەکان ئامادە بکە وەک میز و شوێنی چاندن (حەوزی دروستکراو لە دار) و سیستەمی ئاودان.
شەشەم- شوێنی چاندن بە نایلۆن داپۆشراون و پاشان شێدار دەکرێت بە پڕژاندنی ئاو، دوایی تۆوەکە لەسەری دەپڕژێندرێت یان شەتڵەکانی تێدا دەچێندرێت نێوان تۆوەکان 25-20سم دەبێت، پێویستە گرنگی بەو دووریە بدرێت و زیاد و کەم نەکرێت چونکە ئەگەر کەم کراوە ئەو رووەکەکان لاواز دەبن بەهۆی کەمی خۆراک لە ئەنجامی رکابەری نێوان رووەکەکان لەسەر تۆخمە خۆراکییەکان و ئاو، لە هەمانکاتدا نەخۆشیی بڵاودەبێتەوە و بەرهەم کەم دەبێت، بەڵام ئەگەر دووریەکە زیاد کرا ئەوە بڕی بەرهەم کەم دەکات چونکە ئێمە رووبەرێکی دیاریکراومان هەیە.
دەیەم- سیستەمی ئاودان بە شێوەیەکی گونجاو دابنرێت.
یازدەهەم- سەوزە چێندراوەکان رۆژانە دووجار ئاو دەدرێت و لە رۆژە گەرمەکاندا 3جار ئاو دەدرێت.
دوانزەهەم- میوە رۆژانە یەک جار ئاو دەدرێت و 2جار لە رۆژە گەرمەکاندا.
سێزدەهەم- رووەکەکە لە کەشی گەرم و نیوەڕۆیان ئاو مەدە بەلکو بەیانیان زوو یان لە کۆتایی رۆژدا ئاویان بدە.
چواردەهەم- تۆخمە خۆراکییەکانی پێویست بۆ رووەک لەگەڵ ئاودان بە رووەکەکان بدە.
پازدەهەم- سیستەمی دەربازبوون لە ئاوی زیاد پەیڕوبکە بە دانانی دەفری قوڵ لە ژێر کونی لێچووی ئاون لە رۆژی دوایی دەکرێت ئاوەکە بۆ ئاودان بەکار بێتەوە بە زیادکردنی هەندێک توخمی خۆراکی تواوە.
شازدەهەم- کێڵگەکەت لە دەرد و نەخۆشییەکان بپارێزە.



چۆنیەتی چاودێری پەلەوەر لەم مانگەدا؟

لە مانگی تشرینی دووەم پەلەوەر چەندین خزمەتی گرنگی بۆ دەکرێت وەک:-
یەکەم: دابەزینی بەرچاوی پلەی گەرمی لەم مانگەدا کە ئەگەری هەیە لە 20پلەی سەدی زیاتر دابەزێت کاریگەری لەسەر پرۆسەی هێلکەکردن دەبێت، دەکرێت ژمارەی پلەوەرەکان لە یەکەی رووبەر زیاد بکرێت بۆ هەر یەک مەتر دووجا ١-٢ مریشک زیاد دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ مانگی رابردوو.
دووەم: ئەو فەرشەی راخراوە تا بەرزایی 10-7سم زیاد دەکرێت بە گوێرەی رووبەری هۆڵ و ژمارەی پەلەوەر، پێویستە رووناکی 17 کاتژمێر بێت لە رۆژێکدا و هەواگۆڕکێ کەم دەکرێتەوە تا دەگاتە 1.5-2مەتر سێجا بۆ 1کگم لە کێشی پەلەوەر بۆ ئەم مانگە و مانگی داهاتوو.
سێیەم: ئالیک و ئاوی پێویست بە پەلەوەرەکان دەدرێت و رۆژانە ژمارەی هێلکەکان تۆمار دەکرێت و مردووەکان کۆدەکرێنەوە و دوور دەخرێنەوە، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نمونەی مریشک و هێلکە وەردەگیرێت بۆ چاودێریکردنی باری تەندروستییان.
چوارەم: بەرنامەی کوتان و دەرمان پێدان لە کات و ساتی خۆی و بە شێوەیەکی گونجاو جێبەجێ دەکرێت.

8 سوودی خواردنی بەڕوو بزانە



ڕێگریی کردن لە کێشی زیاد، بەڕوو یەکەی گەرمی نزمە لەهەمانکاتدا ریشاڵی تێدایە کە هەستی تێربوون دەبەخشێت.
دابەزاندنی پەستانی خوێن، بەڕوو توخمی پۆتاسی تێدایە کە ڕۆڵی گرنگ لە دابەزاندنی پەستانی بەرزی خوێن دەگێڕێت ئەگەر بێ خوێ بخورێت.
ڕێکخستنی کرداری هەرسکردن، بەڕوو کرداری هەرس کردن ڕێکدەخات و ڕێگری لە قەبزبوون دەگرێت بەهۆی ئەو بڕە زۆرەی ریشاڵ کە لە پێکهاتەکەیدا هەیە.
دابەزاندنی کۆلێسترۆڵی خوێن، ریشاڵی تواوە لە پێکهاتەی بەڕوودا هەیە کە توانای دابەزاندنی ئاستی کۆلێسترۆڵی خوێنی هەیە.
پاراستنی تەندروستی کۆڕپەڵە، بەڕوو دەوڵەمەندە بە (فۆڵ) کە کۆڕپەڵە لەتێکچوونی ڕووخسار شێوە دەپارێزێت.
بەرگری دژی شێرپەنجە، بەڕوو بڕێکی زۆر لە دژە ئۆکسینی فلافۆنیدی وەک کاچینەکانی تێدایە کەبەرگری دژی شێرپەنجە بەرزدەکاتەوە.
زیادکردنی توانای جەستە، بەڕوو ڕێژەیەکی بەرزی لە کاربۆهیدرایت تێدایە کە توانای جەستە بەرز دەکاتەوە.
کەمکردنەوەی نەخۆشیەکانی وەرزی سەرما بەهۆی هەبوونی ڤیتامین (سی) لە پێکهاتەی بەڕووداً.

سوودی خواردنی نیسک



ڕێژەیەکی بەرزی لە پرۆتین تێدایە کە پێویستە بۆ بنیات نانی جەستە. ژمارەیەکی زۆر لە ڤیتامینەکانی تێدایە بەتایبەتی ڤیتامین B ئاوێتە.
هانی میزکردن دەدات.
ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەهێز کردنی کۆئەندامی دەمار.
هاوکارە لە بەهێز کردنی ئێسک و ددان.
خوێن بەهێز دەکات.
تۆپکڵی نیسک بەسوودە بۆ چارەسەرکردنی قەبزی.
هاوکارە لە بەرز کردنەوەی کێشی منداڵان و یارمەتی دەرە بۆ پاراستنی دڵانی منداڵان لەکڵۆر بوون .
هەندێک توخمی کانزایی گرنگی تێدایە وەک فسفۆر و کالیسیۆم و ئاسن و ڤیتامین A
سوودە هەرە گرینگەکەی خواردنی نیسک ئەوەیە کە هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی هەڵمژینی کۆلێسترۆڵ لە ریخۆڵەکاندا ئەوەش بۆ ئەو ڕێژە بەرزەی ریشاڵ دەگەڕێتەوە کە تێدایەتی.
خواردنەوەی شۆربای نیسک بەسوودە بۆ پاراستنی جەستە لە نەخۆشیە شێرپەنجەیەکان.

ڕەیحان و قەرنابیت و کەلەرم بۆ پاراستنی دڵ لە کۆلیسترۆڵ



ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەیسەلمێنێت خواردنی ئەو سەوزانەی کە (مایکرۆگرین) لە پێکهاتەکەیاندا هەیە وەک کەلەرمی سوور گاریگەری لەسەر پاراستنی دڵ هەیە لە نەخۆشییەکان ئەو سەوزانە لە چێشخانەکاندا بۆ رازاندنەوەی خۆراکە پێشکەشکراوەکان بەکار دێت یان لەگەڵ زەلاتە تێکەڵ دەکرێت زۆر بە دەگمەن وەک سەوزەیەکی سەرەکی بەکار گرنگی پێ دراوە.
خشتەی ئەو سەوزانەی کە (مایکرۆگرین) لە پێکهاتەکەیاندا هەیە بریتین لە ڕەیحان و قەرنابیت و کەلەرم و کاهوو (خاس).
ئەو لێکۆڵینەوەیە لە ژێر سەرپەرشتی کارگێڕی کشتوکاڵی زانکۆی ویلایەتی مریلاندی ئەمەریکی ئەنجام درا و لە بڵاوکراوەی وەرزی (ئەگریکەلچەر کیسمستری) کە تایبەتمەندە بە توێژینەوەی کشتوکاڵی بڵاوکراوەتەوە. دەرئەنجامەکان دەیسەلێنن کە ئەو بەروبومانە چاندنیان ئاسانە لە باخچەی ناو ماڵ و بەرهەمەکانیان حەفتەی جارێک یان دوو حەفتە جارێک لێدەکرێتەوە و سوود لە پێکهاتەکەی وەردەگیرێت کە بریتییە لە (مایکرۆگرین) پێش پێگەیشتنی بە تەواوی. لە هەمانکاتدا ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاشکرایکرد کە ئەو سەوزانە دژە ئۆکسینیان تێدایە کە دابەشکردنی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش لە جەستە کەم دەکاتەوە و بە شێوەیەکی کاریگەر یارمەتی لە دابەزاندنی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ دەدات.

هۆکاری زوو پێگەیشتنی سێو لە وڵاتی نەرویژ



وڵاتی نەرویژ ئەم ساڵ بە وەرزێکی باش و پڕ بەرەکەت ردت بوو سەبارەت بە بەرهەمی سێو. شارەزایانی کەشناسی گۆڕینی کەشوهەوایان بە هۆکار پێگەیشتنی پێش وەختەوەی سێو لەم وڵاتەدا زانی. بە گوێرەی مالپەڕی (لۆکاڵ)ی هەوال: وەرزی ئەم ساڵ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کورتتر و چڕتر بووە تەنانەت کات بۆ رنینی بەرهەمەکە زۆر کەمبوو. هەر بە پێی هەواڵی مالپەڕکە ئێستا کۆتایی بە رنینی بەرهەمەکە هاتووە و ئامادەیە بۆ دابەشکردن بەسەر ئەوانەی بازرگانی پێدەکەن، بەڵام زۆری بەرهەم بۆتە هۆی دروستبوونی کێشەی لۆجستی بەهۆی کەمی ڕووبەری شۆینی داکردن و سندوقی هەڵگرتن.



سەنگەر عەبدولکەریم یاریزانی یانەی برایەتی بۆ «خەبات»:

بردنەوەمان لەیانەی هەولێر گرۆتینێکی زۆری بە یاریزانەکان بەخشی



دیمانە: سەرهەنگ ئەجمەدین

ئەم وەرزە لەخولی نایابی کوردستان یانەی برایەتی بەجیاوازی پارسالّ تیپێکی بەهێز و بەتوانا دەرکەوتووە ، هەروەها ئەم یانەیە لەدوو یاریدا 4 خاڵی کۆکردۆتەوە لەپلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکە دەبیندرێت ، هەروەها لەدوایین یاری خۆیدا یانەی برایەتی بەرامبەر یانەی هەولێر یاری کرد و کەتیایدا توانی یارییەکە بەدوو گۆڵ لەهەولێر بباتەوە و 3خاڵی لەسەر دەستی ئەو یانەیە دەستەبەرکرد، بۆ ئەم مەبەستە و تیشک خستنە سەر چەند تەوەرێکی گرنگی تایبەت بەوەرزی تازەی خولی نایابی کوردستان لەدیمانەیەکدا ڕۆژنامەی خەبات یاریزانی یانەی برایەتی سەنگەر عەبدولکەریم ئەلیاسی بەچەند پرسیارێک بەسەر کردەوە.

سەرەتا ناوبراو لەچۆنیەتی ئاشنابوونی بەدونیای وەرزش گوتی: بەخوشحاڵیەوە وەک هەر یاریزانێک سەرەتا لەتیپە میللییەکان دەستم بەوەرزش کرد، لەساڵی 2008 چوومە تازەپێگەیشتووانی هندرێن و پاش 11ساڵ یاری کردن لەیانەی هندرێن ئەمجارەیان لەهەڵبژاردەی کوردستان دەستنیشانکرام ، پارسالّیش یاریم بۆ یانەی ئارارات کرد و ئەم وەرزەیش بۆ یاری کردن ڕوومکردە یانەی وەرزشی برایەتی و لەم یانەیە زۆر ئاسوودەم و هەمیشە هەوڵ دەدەم پەرە بەئاست وتوانی خۆم بدەم لەیارییەکانی داهاتووی خولی نایابی کوردستان.

لەبارەی ئامادەکاری تیپەکەیان بۆ ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان سەنگەر بۆ ئەم پرسیەیش قسەی خۆی هەبوو ئەو بەمشێوەیە گوتی: بێگومان ئەم وەرزە بەپێکهاتەیەکی لاو و چەند یاریزانێکی بەئەزموونی نێو تیپەکە یاری لەخولی کوردستان دەکەین، ئەگەرچی ئەم وەرزە ئامادەکاری تیپەکەمان پێشوەختە نەبوو وەک یانەکانی دیکە، بەڵام هەرگیز متمانەمان بەخۆمان هەیە لەیارییەکانی داهاتوودا ئەنجامی باشتر و شایستەتر بەدەست بێنین کەشایستەی ئاست وتوانای یاریزانەکامان بێت .

سەبارەت بەبردنەوەیان لەیانەی هەولێر و دەستەبەرکردنی 3خاڵی گرینگی یاریبەکە سەنگەر بۆ ئەم پرسەیش وەڵامی خۆی هەبوو : بردنەوەمان لەیانەی هەولێر لەهەفتەی ڕابردوو تاموچێژی خۆی هەبوو لەهەموو ڕوویەکەوە بۆ سەرجەم یاریزانەکانمان، بەتایبەتی ئەم بردنەوەیە مەعنەویاتێکی بەرزی بەیاریزانەکان بەخشی کەلەیارییەکانی داهاتوودا جگە لەبردنەوە بیر لەهیچ ئەنجامێکی دیکە نەکەینەوە.

گوتیشی: ئەم وەرزە تیپەکەمان دەبێت ژمارەیەکی قورس بێت لەخولی نایابی کوردستان.

هەر لەبارەی پۆشینی دریسی ژمارە 27 سەنگەر بۆ ئەم مەبەستە گوتی: هەر لەسەرەتاوە ژمارەی 27 لەڵام زۆر خۆشەویست بوو، بۆیە تالەیاری کرد بەردەوام بم تەنها ئەو ژمارەیە دەپۆشم.

سەنگەر وەک یاریزانێکی هێڵی بەرگری لەکام هێرشبەر دەترسێ و حیسابی تایبەتیان بۆ دەکات لەکاتی یارییەکاندا ئەو بۆ ئەم پرسەیش قسەی خۆی کرد و لەوەڵامدا گوتی: لەهیچ هێرشبەرێک نیاترسم، بەڵام لەکاتی یارییەکاندا حیساب بۆ هەموویان دەکەم کەباشترین هێرشبەر بەرانبەرم یاری دەکات.

سەنگەر عەبولکەریم لەرێگەی ڕۆژنامەی خەبات داوا لە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دەکات لەکاتی یارییەکاندا هەوڵ بدەن بەشێوەیەکی باشتر ئاسایشی یاریگاکان بپارێزن بۆ ئەوەی خولەکە لە کێشە و گرفتەکان بەدوور بێت.

جارێکی تر دیاردەی ڕەگەزپەرستی ناو یاریگاکان

ماریۆ بالۆتێللی هەڕەشەی وازهێنان لەیاریکردن دەکات



ماریۆ بالۆتیللی یاریزانی یانەی بریشیای ئیتاڵی لە یارییەکەی یانەکەی بەرامبەر یانەی قیرۆنا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە بۆ یەکجارێ واز لە یاریکردن بهێنێت، دوای ئەوەی لەلایەن جەماوەرەوە هاواری ڕەگەزپەرستی بەسەرییەوە کرا و ئەمەش ئەو یاریزانەی نیگەران کرد و ڕایگەیاند کە ئیتر توانای نەماوە بەوشێوەیە سووکایەتی پێبکرێت.

بالۆتیللی تەمەن 29ساڵ کاتێک گوێی لە هوتافە ڕەگەزپەرستیەکەی جەماوەری قیرۆنا دەبێت و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدات و بەتوندی تۆپەکە ئاراستەی جەماوەر دەکات و هەڕەشەی ئەوە دەکات واز لەیاریکردن دێنێت.

هاوکار کەلهۆری



ئاشلی بووە پاڵەوان

ئاشلی پارتی خانمە یاریزانی ئوستڕالی و پۆلینی یەکەمی جیهانی لە نێو یاریزانە پیشەگەرەکاندا توانی پاڵەوانێتی کۆتایی لە شاری شینزینی چینی بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لە ئیلینا سڤیتۆلینای ئۆکرانی پاڵەوانی پێشوو بباتەوە. ئاشلی توانی بە دوو کۆمەڵەی 6-3 9-4 ?لەماوەی کاتژمێرێک و 36خولەکدا لە سیڤیتۆلینا بباتەوە و بۆ یەکەمین جار لەمێژووی پاڵەوانێتییەکەدا ئم نازناوە بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش سێیەمین نازناوە لەم وەرزەدا دوای پاڵەوانێتییەکانی میامی و ڕۆلان گارۆس بەدەست بهێنێت.

شفاینشتایگەر: باشترە مۆڵەر بچێتە مان یونایتد

باستیان شفاینشتایگەری ئەستێرەی پێشووی ئەڵمانی دووپاتی کردەوە کە لەئەگەری چوونی تۆماس مۆڵەری هاوڕێی بۆ ریزی یانەی مانچستەر یونایتد زۆر سوودی دەبێت بۆ هەردوولایان.

ئەو یاریزانە لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی بێڵدی ئەڵمانی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە مۆڵەری تەمەن 30 ساڵ ئێستا بەردەوام وەک یاریزانی یەدەگ یاری پێدەکرێت و ئەگەر بچێتە ریزی یانەی مان یونایتد ئەوا بۆ هەردوولا ئەم هەنگاوە زۆر سوودی دەبێت، هەروەها گوتی: ئەو یاریزانە دەتوانێت ڕۆڵی دیاری لەگەڵ مان یونایتد ببینێت و ئاستی ئەو یانە ئینگلیزییە بەرەو پێش بەرێت.



قیدال تورەیە

یاریزانی چیلی، ئەرتۆرۆ ڤیدال، ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، دانی بەوەنا ، دڵخۆش نییە ، لەبەرئەوەی لە پێکهاتەی سەرەکی بلاوگرانا یاری ناکات. ڤیدال، لە میانی دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئێل میرکۆریۆ) چیلی لەمبارەیەوە وتی:"من دڵخۆش نیم. بەڵام هەوڵ دەدەم ئەو ڕەوشە بگۆڕم و شوێنێک لە پێکهاتەی سەرەکیدا بگرم. بەدرێژایی کاروانی وەرزشیم هەر سەرەکی بووم، دەشزانم ئەو شتە بەم زووانە دێتەوە". ڤیدال لە بارەی یانەی بەرشلۆنە بە گشتی وتی:"بەرشلۆنە باشترین یانەی جیهانە ، بۆیە کاتێک گۆڵی زۆرمان لێ دەکرێت، خەڵکی دەست بە قسان دەکەن، بەڵام یاریزانەکان هەست بە سەرسوڕمان دەکەن، چونکە لەسەر بردنەوە را هاتوون".هەروەها وتی:"من لە بەشداری نەکردن لە یارییەکان تووڕەم، هەوڵ دەدەم ئارام ببمەوە، لە ڕەوشم لەگەڵ تیپەکە دڵخۆش نیم، بەڵام ئەوە بڕیاری ڕاهێنەرە و دەبێت قبوڵی بکەم". ڤیدال لەبارەی دەنگۆی چوونی بۆ ئینتەر میلان وتی:"ئەو شتە کاتە خۆشەکانم لەگەڵ کۆنتی لە یۆڤانتس بیر دەهێنێتەوە، ئاستم بە یارمەتی ئەو باشتر بوو. لە تۆپی پێدا، شتی سەرەکی متمانەیە، ئەگەر ئەوەش لە ڕاهێنەرەکەتەوە بێت، زۆر باشتر دەبیت".

ڕەمزی میرەکانی

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net
خەبات XEBAT
Tue, 5. Nov. 2019 No: (5864)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

پەیوەند جاف: گۆرانییەکانی ئێستا تەمەنیان زۆر کورتە

خەبات: سوڵێن سلێمان



پەیوەند جاف هونەرمەندی دەنگخۆش و بەناوبانگی کورد کە چەندەها ساڵە خزمەتی هونەری گۆرانی کوردی دەکات لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات باسێکی کورتی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت:- لە شاری هەڵەبجەی شەهید لە دایکبووم بەڵام لە شاری سلێمانی گەورە بووم، هەر لە سەرەتایی ژیانم کاتێک کە منداڵ بووم ئەو حەزو خولیای ئەوەم هەبوو کە ببم بە ئاستەی کە ئێستا پێی گەیشتووم، هەموو کاتەکانی ژیانم لە گۆرانی گوتندا بەسەر بردووە، یەکەم بەرهەمی تایبەت بە خۆم لە ساڵی " "1991بە ناوی(ئاخۆ کەی دێ) بڵاوکردەوە، پێش ئەو زۆر بەرهەمی گۆرانی ترم تۆمارکردبوو بەڵام بەداخەوە فەوتان و لە ناوچوون، وە تا ئێستاش خاوەنی ""4 ئەلبومی تایبەت بە خۆم، نوێترین ئەلبومم بە ناوی (بۆم بڵێ) کە 11تراکە وە لە ئێستاشدا خەریکی کاری کلیپی بۆ گۆرانییەکانی دەکەم، چونکە دروستکردنی ئەلبوم کارێکی ئاسان نییە ،بۆیە وا بڕیارم داوە کە لە داهاتوودا گۆرانییەکان بە شێوازی سینگڵ بڵاوبکەمەوە زیاتر، وە تا ئێستاش چەند لە گۆرانییەکانم لە ئاوازی خۆم بووە لەوانە(دڵم تەنگە و جێم مەهێڵە) چەند گۆرانییەکی تر، ناوبراو سەبارەت بە ئاستی هونەری گۆرانی ئێستا دەڵێت: لە ئێستادا گۆرانییەکان زۆربەیان کوردی نین بیانین، هەستی کوردایەتی تێدا نییە گشتی لە گۆرانییە بیانییەکان وەرگیراون، ئەویش لە بەر ئەوەی لە ئێستادا تەمەنی گۆرانییەکان زۆر کورتن و زوو دادەمرکێنەوە، چونکە جاران بە هەستەوە گۆرانی دەگوترا وبۆ خزمەت بە کۆمەڵێک ئامانج وە خزمەتی هونەری کوردی بوون، گۆرانی بێژی باشیش هەیە ، کە خۆیان ماندوو کردووە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی کە جێگای دەست خۆشین، هەروەها لە ساڵی 2018 گۆرانییەکمان بە دوێت لە گەڵ هونەرمەند(حەمید عوسمان) بە ناوی"یارەکەم" بڵاومانکردەوە لە ئێستاشدا زیاتر " "4ملیون بینەر لە یوتیوب تێپەڕیووە، هەروەها لە مانگی رابردودا نوێترین ڤیدیوکلیپم بڵاوکردەوە بە ناوی "سەرێڵ" گوتیشی پێویستە هونەرمەندەکان بۆ خزمەتی گۆرانی کوردی هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی هونەری کوردیش وەک هونەری بیانییەکان پێشکەوتووبێت، وە بتوانن مۆسیقای مۆدێرن بۆ دابنێن کە لە قۆناغێکی زۆرپێشکەوتوو دا بێت ، ئەوەش دەکەوێتە سەر سەلیقەی ئەو گۆرانی بێژە کە چۆن بتوانێت مامەڵەی لە گەڵدا بکەن و ئەو توانایەی کە گۆرانی بێژەکە هەیەتی ،سەبارەت بە نوێترین بەرهەمی دەڵێت: نوێترین بەرهەمم پارچە مەقامێکە کە کاتی خۆی بۆ سلێمانی گوتومە بەڵام ئێستا لە سەر مۆسیقایەکی باش و نوێی و پرۆفێشنانڵ کاریان لەسەر کردووە ، هەروەها گۆرانکاریم تێدا کردووە، گۆرانییەکی هەورامیش لە بەرنامەی داهاتوومدایە ئینشائەللا ئەویش بڵاددەبێتەوە، ئاشکراشیی کرد و گوتی زۆر سەرسامی دەنگی هونەرمەندی گەورەی کورد (مەزهەری خالقیم و زۆر گوێ لە دەنگی فیروز و ئم کلسوم دەگرم وە زۆر حەز بە ژەنینی ئامێری میوزیکی پیانۆ دەکەم چونکە هەستێکی زۆر خۆشم پێ دە بەخشێت،لە کۆتاییدا دەڵێت: ڕێز وخۆشەویستییەکی زۆر بۆ گشت هەواداڕەکانم هەیە سوپاسی پشگیریی ئەوان دەکەم.

یەکەمین دیداری نێودەوڵەتی کورتە فیلمی ئەنیمەیشن لەهەولێر

لەدرێژەی کار وچالاکییە هونەرییەکانیدا، هونەری سینەمای هەولێر، یەکەمین دیداری نێودەوڵەتی کورتەفیلمی ئەنیمەیشن لە هەولێر ساز دەکات. ئەم دیدارە کە لە ناوچەکەو کوردستانیش جۆر و فوونەی نییە و زۆرتایبەمەندە ، پەنجا 50 کورتە فیلم لە ١٧ وڵات بە کوردستانەوە بەشدارن . چەندین کارو بەرهەمی تازەی کورتە فیلمی ئەنیمەیشنی کوردی بەرهەمی ب سینەمای هەولێر ئامادەییان،هەیە. جیا لە نیشاندانی فیلم ٣ پانێلی تایبەت لەسەر سینەمای ئەنیمەیشن و گرنگیەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیانەوە ساز دەکرێن. لیژنەی دادوەران لە کورد و بیانی پێک دێن ، کۆمەڵێک میوان لە دەرەوەی وڵاتیش میوان وبشدار دەبن. ٤ خەڵاتی سەرەکی بەسەر فیلمە براوەکان دابەشدەکرێت ، باشترین فیلم ، باشترین بیرۆکە ، باشترین دەرهێنەرێ جیبەجیکار ، باشترین فیلمی نێودوڵەتی. دیدارەکەش لە ڕۆژانی ٢٦ تا٢٩ ی مانگی یانزە ساز دەکرێ.لە لیدوانێکیشدا بەرێز شاخەوان مستەفا ، بەڕێوەبەری ب هونەری سینەمای هەولێر باسی لەگرنگیی فیلمی ئەنیمەیشن کرد کە هونەرێکی تازەیەو لە فیستیڤاڵە سینەماییەکان، گرنگی پێدەدرێت و پانتاییەکی فروان، لە گرنپێدان و روناکی خستنە سەر لە خۆ دەگرێت. بۆیە ئیمەش وەک کورد گرنگیەکی باشمان بەبوارەکە داوە بە چەند کورتە فیلمێک سەرکەوتنی گەورەو بەرچاومان لە فیستیڤاڵەکان بەدەست هێناوە. ئەم دیدارەشمان کە نمونەو هاوتای نیە لە ناوچەکە ، سەلمێنەری ئەوەیە کە دەمانەوێ گرنگی زۆر زیاتر بەو بوارە گرنگەی سینەماو فیلم بدەین.

بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر
Erbil Directorate of Cinema





ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ڕێز لەڕۆژنامەنووسێکی خەبات دەنێت

ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی خەبات، عەلی ڕەشید سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر خەڵاتی ڕێز لێنانی بەخشییە ڕۆژنا عەلی بەڕپرسی لاپەڕەی پەروەردەو خوێندنی ڕۆژنامەکەمان وەک ڕۆژنامەنووسێکی چالاکی ئەو بواڕە و لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

ئاگرین دڵشاد.. بەردەوام دەبێت لەکاری هونەری؟



بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی لاو (ئاگرین دڵشاد) ڕۆژی2019/10/2 لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیوویەتی: سڵاو و خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەک ماوەی چەند ساڵێکە من بەکارهێنەری (سۆشیاڵ میدیا)م وەکو هەر یەکێک لە ئێوە، هەر پێگەیەک کە بەکارمهێناوە جێگەی دڵخۆشی و خەمباریم بووە و کەسم تێیدا ناسیوە و کەسم تێیدا لە دەستداوە، کەسانێک منیان تێیدا خۆشویست و کەسانێک ڕقیان لێم بووەوە،لە هەر گۆشەیەکەوە تەماشا بکەم کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەبووە بۆم، بەڵام هەستەکەم بەشێک لە ژیانم وردە وردە جێ ئەمێنێت، هەستەکەم ئێرە وردە وردە ئەتگۆڕێ بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێ نەک ئەوەی کە پێویستە،بۆیە لە ئێستادا بڕیارم داوە کە بە هەموو توانامەوە بۆ ماوەیەکی نادیار دوور بکەومەوە لەپێگەکانی وەکو (فەیسبووک، ئینستاگرام، سناپ چات). لەبەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا ئەو هونەرمەندە لاوە نووسیویەتی: بەردەوام ئەبم لە کاری هونەری، بەڵام بە ڕێگەیەکی دیکە ،هیوادارم نەیەمەوە ناو ئەم دونیایە! داوای لێبوردن لە گوێگرانم ئەکەم کە لە ڕێگەی ئەم پێگانەوە گوێیان لێگرتووم و ناسیویانم،بەرهەکانم لە ڕێگەی چانێڵی یوتیوبی تایبەتیمەوە بڵاودەکەمەوە لەمەودوا،وە داوای لێبوردن لە هەر کەسێک دەکەم کە لەڕێگەی ئەم پێگانەوە دڵیان لێم ڕەنجاوە.



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

دیمەنی ئافرەتێکی کورد لەکاتی چالێنان بە ئاگردان